
# پیرشالیاری زەردەشتی

دانا ( محمد بەهادین ملا صاحب )



PUBLIC

# پیرشالیار زەردەشتی

دانا ( محمد بهاءالدين صاحب )

PUBLIC

ناوی کتێب: پیر شالیاری زەردەشتی

نووسینی: دانا ( محمد بەهادین مەلا صاحب )

پیاچوونەوە و پێشەکی : مامۆستا دارا محمد عثمان

لە بڵاوکردنەوەی : کتێبخانەی ژیان لە سلێمانی

ژمارەی چاپ : چاپی دووەم ( ٢٠١٣ )

چاپی یەکەم : ١٩٦٨

تیراژ : ٢٠٠٠ دانە

دیزاین و کۆمپیوتەر: محمد ادم وسیم

مافی لە چاپدانی پارێزراوە



PUBLIC

# پێشەکی چاپی دووەم

وەختێ تەماشای کتێبی (پیر شالیاری زەردەشتی)م کرد بینیم لە نێو کتێبخانەی کوردیدا، زۆر بەکەمی لەسەر ئەدەبی هەورامان نووسراوە، لەهەمان کاتدا شادرەختی سەرچاوەی ئەدەبی کوردستان و ئەدەبی هەورامانە، ئەگەر ئەدەبی کوردستان ، ئەدەبی هەورامانی لێ لابدەین، ئەوە ئەو ئەدەبە بێ ڕەگ و ڕیشە دەمێنێتەوە، چونکە سەرچاوەی هەموو دەس نووسەکان و هەموو داستانە دێرینەکان و فەرهەنگی نەتەوایەتیمان میراتگری زێد زادەی ئاریانڤاچەکانە.

ئەگەر هەر بن ئەشکەوتێ یان هەر بن تاوێرێکی وڵات بگەڕێین، ئەوا دیاردە و ژیاری شارستانی لە هەورامانە.

لە ساڵی (١٩٦٨)، هەوڵ و کۆششی مامۆستا (محمد بهاءالدین مە لا صاحب ) لەو ساتە وەختەدا، وەك خەم خۆرێکی ماندوونەناس، توانیویەتی ئەم کتێبە وەك هەمبانە بۆرینە، وەك کەشکۆڵی، هەموو



PUBLIC

بوارەکانی ئەدەب و هونەری کۆبکاتەوە و بیانوسێ وەك سەرچاوەیەکی گرنگ و کولتور ئامێز، کتێبخانەی نیشتمان دەوڵەمەند دەکات، وە خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی دەڤەرەکانی تری کوردستان بەو فەرهەنگە دەوڵەمەندە ئاشنا دەکات.

ناوی کتێبەکەش بە ناوی (پیر شالیاری زەردەشتی) یەوە ، زۆر گرنگە چونکە زێد زادەی ئەدەبیاتمان دەگەڕێنێتەوە بۆ شیعری (گاتا)کان و شیعری خۆماڵی ڕەسەن و پەخشانی نووسراومان بۆ پێش (٣٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر وەك مێژوو دیاری دەکات.

لەو هەوڵانەی کە ئەم کەڵە شاعیرە هەوڵی بۆ داوە، ئەوەیە کە زۆر بە زانایی و دانایی خۆی مێژوو و ئەدەب و ژیانی ونبووی چەندین شاعیر و زانا و لابردنی تەپ و تۆز بەسەر چەندان بەیتی فۆلکلۆری بە گەلا گوێزی هەورامان خاوێن بکاتەوە، وە پلەو پایەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیری و عەقڵگەرایی تاکی هەورامان نیشان بدات، وە چۆنیەتی ژیان و ژیاری تەلارسازی بە مۆزەخانەی وڵات ئاشنا بکات، وە کۆکردنەوەی قسەی



PUBLIC

ئەستەق و سروشتی دینی و دنیایی و نووسینەوەی چەندین کتێبی بەنرخ کە هەندێکیان لە چاپ دراون هەندێکی تریان خوایار بێت سەرەیان دێ بۆ چاپ کردن.

ئەوەی لەم کتێبەدا نووسراوە، زۆر بە زەریفی پەنای بۆ سەرچاوەی خومالّی بردووە، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: فێربوونی شێوە زمانەکە پێویستی بەوە هەیە نووسەران لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ نووسینەکانیان بکەن بۆ ئەوەی نووسەران هانا بۆ سەرچاوەی خۆماڵی ببەن و پەنابردن بۆ سەرچاوەی بیانی کەمتربکەنەوە.

دووەم: پێویستە نووسەران شارەزای زمانی خۆیان بن، بە هەموو شێوە زمانەکانیەوە

سێیەم: دەبێت نووسەران ئاگایان لەنووسینی ڕۆژهەڵاتناسەکان بێت، چونکە زۆر جار مێژووی ئێمەیان بەهەڵە نووسیوە.

بابەتەکانی ئەم کتێبە لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەم بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە:

ژیان و چەژن و بەرهەمی پیر شالیار و نووسینی قەواڵەکان کە بۆ پێش عیسا، وە نووسینی ژیان و بەرهەمی زۆربەی شاعیران: سەیدی هەورامی، بێسارانی، مەلا خدری رواری... تا دانای هەورامی کە نووسەر خۆیەتی، هەروەها تەتەڵەکردنی بەرهەمی زاناو شێخ و مەلا گەورەکانی هەورامان ، وە ئامارکردنی پەندی پێشینان و قسەی خۆشخوانی و فۆلکلۆر و گۆرانی سرودی سیاچەمانەی ئاهورایی و سروودی دینی سەردەمی زەردەشت، وە دیاریکردنی لایەنی پزیشکی هەورامان...تاد.

ئەگەر بەچاوێکی رەخنەگرانە تەماشای کتێبەکە بکەین هەر بن تاوێرە بەردێك، یان نووسینی کێلی مردووەکان نووسینی وامان بەرچاودەکەوێ، مرۆڤ دەتوانێ شانازی بە بوون عەقڵگەرایی و سەلماندنی ئەو بەڵگانە، ئەوەمان بۆ دیاری دەکات، کە ئێمەش وەك گەلانی جیهان لە کاروان و



PUBLIC

فەرهەنگ و ئەدەبیاتی جیهان دووا نەکەوتووین، بەلام ئەوەی بۆ ئەو وڵاتانە ڕەخساوە بۆ ئێمەی ئاریزانتەکان نە لواوە.

داوا لە هەموو خوێنەران دەکەم، بەیەك دەس، بەیەك ڕۆح هەوڵ بدەن بۆ نووسینەوەی کولتور و فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر، چونکە ئەدەب بەهەموو واتاکانیەوە ئاوێتەی ڕیالیستی هەموو گەل و نەتەوەیەکە، خەرمان بەرەکەت بۆ هەڵەچنی هەر کتێبکی تر لەم باباتە بە پێزە.

دارا محمد عثمان

سلێمانی - تووی مەلیك

٨ — سەرماوەرزی ٢٧١٢ کوردی

٢٨-تشرینی دووەمی -٢٠١٢ زاینی



PUBLIC

# پێشەکی چاپی یەکەم

مەبەست لەم نووسراوە ئەوە نییە کە شێوەی هەورامی بەسەر شێوەکانی تر

زمانی کوردیدا بە زیاتر سەیر بکرێت.

بەڵکو مەبەست ڕوونکردنەوەی مێژووی پیرشالیار و چۆنیەتی نووسینی کۆن،

شێوەی ژیان و دیمەنی ناوچەی هەورامانە، لەگەڵ لێ کۆڵینەوە لە مێژوو

هونەرەکان.

هەروەها باسکردنی چەند پیاوێکی ئاینی بەناوبانگ لەسەردەمی ڕابردوو

بەکورتی.

لەوانەیە ڕای گەلێك خوێندەواری دڵسۆز ئەوەبێت کە شێوەی سۆرانی

بەکاربهێنرێت لە خوێندن و نووسیندا، وە بکرێ بە زمانی یەکخراو لە هەموو

ناوچەکەدا، چونکە ڕاست و ڕەوان و بێ گرێ یە.

بەڵام ئەبی هەوڵ بدەین لە شێوەکانی تری زمانی کوردی بکۆڵینەوە تا لە

ئەنجامدا [ کۆ زمانێك ] بەشێوەی سۆرانی بەدەست بهێنین.



PUBLIC

خوێندەواری بەڕێزا ئەبێ ئەوەش بزانین کە زۆر لە کۆنەوە هۆنەرەکانی ناوچەی هەورامان بە بۆنەی سەختیی ناوچەکەیانەوە، وە بوونی دەرامەتی و پێویستی ژیان بە بێ کەم و کوڕی لەو ناوچەیەدا، ناچار نەبوون، کە هۆنراوە بە زمانی داگیرکەران و فەرمان ڕەوای بێگانە بڵێن!.

بە پێچەوانەی هۆنەری شێوەکانی تر کە ناچار بوون بە زمانی ئەو فەرمانڕەوایانە بنووسن و بخوێنن و هۆنراوە بڵێن، وە تا ڕادەیەك زمانەکەی خۆیان فەرامۆش بکەن.

ئەگەر هۆنراوەیەك یان جۆرێکی تری وێژە ( ئەدەب ) یان وتبێ بە شێوەی هەورامی بووە بە پەیڕەوی کردنی بوێژ و هۆنەرەکانی ناوچەی هەورامان.

لە کۆتاییدا داوای لێ بووردن دەکەم ئەگەر کەم و کوڕیەکتان بەرچاو کەوت لەم نامیلکەیەدا.

**محمد بهاءالدین مەلا صاحب**

**ناسراو بە ( دانا )**

# بەشی یەکەم

# پیرشالیاری زەردەشتی

پیرشالیار کوڕی (جاماسپ) یەکێکە لەو پێشەوایانەی کە پەیڕەوی ئاینی پێغەمبەر زەردەشتیان کردەوە، لە ناوچەی هەوراماندا، وەك ئەڵێن پەرستنی- هورمزد- هەر پیاوە ئاینیە بەناوبانگەکان لەسەریان بووە، وە خەڵکی تر لەو جۆرە پەرستنە بەخشراو بوون.

بەو پیاوە ئاینیانەیان وتووە – پیر- لەم ناوچەیەدا. ئەم پیرانە زۆرن وەك ئەڵێن نەوەد و نۆ پیرەی هەورامان، وەك پیرڕۆستەم، بابابیدۆ،پیرزەڕین، پیرجان، باباحەیرانیٚ، پیرداود، پیرەوەتیٚ ، شالیار چیاو- هتد..

پیرشالیار هەر لەسەر بیر و ڕای زەردەشت پەڕاوێکی تایبەتی هەبووە بەناوی [ ماریفەت و پیرشالیاری ] ئەم پەڕاوە وەك ئاوێستا بە شێوەی هەورامی بووە.



PUBLIC

**قانع لە دیوانی شاخی هەوراماندا ئەڵێت:**

کتێبی زەردەشت کە ئاوێستایە
وەك باقی کتێب خەڵاتی خوایە
بە زوان هەورامی هاتە سەر بەشەر
یانێ های زەردەشت بوو بە پێغەمبەر
تا دەوری خۆی بوو وەك باقی دینان
بەڵام نەسخ بوو ئەویش بە قورئان
ماریفەت و پیر وتەی شالیارە
کە بە پیر شالیار لەگشت دیارە
شاخی هەورامان هەرچەند ڕەنجەڕۆم
زۆر چاك بزانە کە مەمنوونی تۆم
چونکە پاراستت تۆ ئەو زمانە
تێکەڵت نەکرد لەگەڵ بێگانە
نە ڕۆم نە عەجەم نە تورکی تاتار
نە ڕووس نە ژاپۆن نەدەست ئیستیعمار(١)

[١] - شاخی هەورامان. ل ١٢

**پیرشالیار لە یەكێك لە بەندەكانی ( ماریفەت ) دا ئەفەرموێ:**

وەروێوە وارۆ وەرۆ وەرێنە
وەریسە بریۆ چوار سەرێنە
كەر گێ سیاوە هێلە چەرمێنە
گوشڵێ مەڕیۆ دووە بەرێنە[٢]

هەندێ لە پیاوە ریش سپیەكان ئەڵێن مەبەستی پیرشالیار ئەوەیە كە ئاینێك پەیا ئەبێت وەك بەفری واهەیە بەفر ئەتوێنێتەوە، ئاینێك دێت ئەم ئاینەی ئێمە بەتاڵ ئەكاتەوە، وە بریتیە لە چوار بەش، وەك چۆن مریشكی ڕەش هێلكەی سپی ئەكات، محمد(د.خ) لە عبدالله ئەكەوێتەوە. هەركەس مرد یان بەهەشتیە، یان دۆزەخی.

بەڵام محمد مەردۆخ [٣] ئەڵێ مەبەستی ئەوەیە داوای یەكیەتی ئەكات لە هەورامیەكان وە ئەڵێت، ئەگەر پارچەپارچە بن وەك بەفر ئەتوێنەوە، وەك گوریسێك كە یەكجار ببێ بە دوو لەتەوە چوار سەری هەیە.

[٢] – وەروە: بەفر. وارۆ: باری.ن وارێنە: ئەتوێتەوە، وەریسە: گوریس، هێلە:هێلكە، سیاو: ڕەش، چەرمە: سپی. گوشڵێ: گۆزە، مەڕیۆ: ئەشكێ. بەرە: دەرگا.

**لە بەندێکی تردا ئەفەرمووێ:**

داران گیان داران جەرگ و دڵ بەرگن
گاهێ پڕبەرگن گاهێ بێ بەرگن
کەر کَە جەهێڵە جەهێڵە، هێڵە جە کەرگەن
ڕەواس جە ڕەواس وەرگ جەوەرگەن (٤)

واتە:- درەختەکان وەك ئادەمیزاد گیان لەبەرن، وەئەوانیش جەرگ و دڵیان هەیە کە گەڵاو ڕیشەیانە، وە ماوەیەك گەڵایان هەیە و ماوەیەك ئەوەریێ، وە مریشك لە هێلکەیە و هێلکەش لە مریشك لە مریشك پەیدا ئەبێ، ڕێوی لە ڕێوی و ، گورگ لە گورگ ئەبن، مەبەستی ئەوەیە چۆن درەخت پێویستی بە ڕەگ و ڕیش هەیە، هەروەها مرۆڤیش پێویستی بە خزم و یارمەتیدەر هەیە بۆ ئەوەی بە هەموویانەوە بە کۆمەڵ بژین، و ژیانێکی پڕ کامەرانی بەدەست بهێنن ، مرۆڤ هەر لە مرۆڤ بووە، و پێویستە هەر لەگەڵ مرۆڤ بژیت- گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە زۆرجار لەپاش تەواوبوونی هەموو بەندێك لە فەرموودەکانی ئەمەی خوارەوە دووبارە کراوەتەوە.

هۆشت جەواتەی پیرشالیار بۆ
گۆشت جە کیاستەی زانای سیمار بۆ

[3] - «تاریخ مردوخ» ل ٢٢٤ بەشی یەکەم.
[4] -کەرگ: مریشك. ڕەواس: ڕێوی. وەرگ: گورگ.

ئەڵێن مەبەستی ئەوەبوە کە بەدڵ ئاگات لە فەرموودەکانی پیرشالیار بێت، بەڵام گوێش بگرە بۆ نێرراوی زانای ڕەمزگۆ (محمد) دروودی خوای لێ بێت.

مەردۆخ ئەڵێت: زانای سیمار زەردەشتە، وە بە ( وەخسوور ) سیماری (*) ناوبانگی دەرکردووە.

بەڵام من وائەزانم مەبەستی لە ڕمز گو هەر ( محمد ) ە، چونکە وتمان پیرشالیار لەسەر بیروڕای زەردەشت بووە. لەبەرئەوە پێویست ناکات بڵێت هۆشت لە فەر موودەی پیرشالیار بێت و گوێ شت لە فەرموودەی نێرراوی زەردەشت بێ.

هەروەها ئاوێستای زەردەشت، بەشێوەی هەورامی کۆن نووسراوەتەوە، وە ئەو هۆنراوانەش کە لە لای جێشانەی سلێمانیەوە دۆزراونەتەوە، وە لەسەر پێستی ئاسك نووسراون نزیکەی(١٣٧٠) هەزار و سێ سەدوحەفتا ساڵ لەمەوپێش لە دەوروبەری هەژدەی کۆچیدا، لەشکرێکی پێنج هەزار کەسی ڕوبەڕوی کوردستان هاتووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەسەرکردایەتی (ابو عبیدەی انصار)[٦] وە عبدالله ی کوڕی عمر، ئەو ناوچەیە هەموو داگیر ئەکەن. وە لەئەنجامدا (ابو عبیده) لە پشت هەڵەبجەی ئێستاوە شەهید ئەکرێ و ئێستەش گۆڕی لەوێیە.هۆنەرێکی ئەو سەردەمە ناڕەزایی خۆی لەو داگیرکردنە دەرئەبڕێ و ئەڵێ:

---

* - بڕوانە ( دبستان المذاهب) نووسینی احمد کوڕی ابو بکر لاپەڕە (١٠).

٦ - هەندێ کەس بەهەڵە وائەزانن ئەم (ابو عبیده) یە کوڕی (جراح)ە، کەچی لەو (ابو عبیده) لە شام وەفاتی کردووە و لەوێ نێژراوە.

هورمز گان ڕمان ئاتران کژان
وێشان شاردەوە گەورە گەورەکان
زوکاری ئارەب کردنە خاپوور
گنائی پاڵە هەتا شارە زوور
شەن و کەنیکا وە دیل بشینا
مەرد ئازا تلی [illegible] وە ڕوی هوینا
ڕەوشتی زەردەشت مانۆوە بێ کەس
بزیکا نیکا ( هورمزد ) وە هیچ کەس(٧)

واتە مزگەوتەکان ڕووخان، ئاگرەکان کوژانەوە، گەورەکان خۆیا شاردەوە، وە پیاوە ئازاکان کوژران، وە لە ناو خوێندا تلانەوە.

زۆرکاری عەرەب هەر لێرەوە تێی کەوتن تا شارەزور، ژن وکچیان بەدیل گرت ئیتر ئاین و ڕەوشتی زەردەشت بێ کەس ئەمێنێتەوە وە هورمز بەزەیی بەکەسا نایێتەوە . لێرەدا ڕوون ئەبێتەوە کە زەردەشت ئاگرپەرست نەبووە بەڵکوو خاوەنی ئاینێکی خواپەرستی بووە.

٧ – هورمزگان: هورمزگا، جێگای پەرستنی هورمز بە شێوەی هەورامی، (مزگی) کە بە هەورامی بە (مزگەوت) ئەڵێن کورتکراوەی هورمزگایە، ڕمان : ڕووخاوە، ئاتران: ئاگر، کژان: کوژایەوە، کیکا کچ، تلی: تلیا: تلایەوە، مانۆرە: ئەمێنێتەوە، وێشان: خۆیان. گنا: کەوت، ئی: ئەمە، پاڵە: هەرلێرەوە ئارەب: عەرەب. بشینا: بردیان، هوینا: خوێنا. بزیکا: بەزەیی.

ئەوەش بزانین بەشی ئەودیوی ناوچەی هەورامان تا ساڵی ١٨٤٢ھ بەھۆی سەختی شوێنەکەیانەوە، هەر بەسەرزاری ئیسلامبوون،وە لە ژێرەوە لەسەر ڕەوشتی زەردەشت و ماریفەتی پیر شالیار ڕۆیشتوون.

تەنانەت جارێکیان کۆمەڵێك خەڵکی ئەو ناوە لە ناو خۆیانا باسی ڕابردووی خۆیان ئەکەن، یەکێکیان لە ڕیش سپییەکی بەساڵاچوو، ئەپرسێ ئەڵێ: ئەرێ مامە قرۆنی قەدیما یان ماریفەت و پیرشالیاری: واتە: قورئان کۆنە یان ماریفەت. ئەویش لەوەڵاما ئەڵێ [ ماریفەت و پیرشالیاری قەدیما، قرۆنی هیزیگە گوشایشە کوری ئاوردەنش] بەمانا ماریفەت و پیرشالیار کۆنترە. قورئان دوێنێ گۆشایشە کوێر هێنای بۆ ناومان.

گوشایش: کوڕی پیر محەمەدی [٨] هەورامی یە لە ساڵی( ٧٩٠ھ ) لە دایك بووە، وە لە ساڵی ( ٨٧٣ھ ) دا مردووە. لەبەرئەوەی چاوی کەمێك مژمۆر بوون، پێیان وتووە گۆشایشە کوێر. دەستێکی باڵای هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام لە ناوچەی هەوراماندا.

---

[٨] -پیر محمد کە بە (بابا مەردۆخە) بەناوبانگە لە ساڵی ٨٦٠ھ لەدایکبووە، وە لە ساڵ ٧٩٠ھ دا مردووە، وە یەکێکە لە نەوەد و نۆ پیرەی هەورامان. وە گۆڕی لە نزیك گۆڕی پیرشالیارەوەیە، لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا کچی شێخ (شهاب الدین) ی دزاوەری مارەکردووە، وە پاش پانزە ساڵ گوشایش لەدایکبووە.
مەردۆخیەکانی دەگا شیخان، هەزارکانیان، قەرەداغ، محمد مردوخ (آیة الله) زانای بەناوبانگ لە نەوەی ئەون. هەروەها مامۆستا بەرزەکانی مەردۆخی قەرەداغ وەك شێخ عمری قەرەداغی هەموویان لە نەوەی ئەون. هەروەها شێخ محمد سعیدی تەختی وە ( شێخ محمد قەسیم) ی مەردۆخی هتد. کە لە ساڵی ٢٣٦ دا مردووە.



PUBLIC

زۆر له زانا و دادوەرەکانی[ قاضي ] ئەم ناوچەیە لە نەوەی ئەون، وەک مەلا عەباس،مەلا ئیسماعیل،مەلا شەریف، مەلا یعقوب، مەلا سەعدی، کە هەموویان لەمەوپێش ژیاون وە بەناوبانگ بوون.

بەڵگەیەکی تر کە هەورامانی ئەودیو بە ئارەزووی خۆیان ئیسلام بوون ئەوەیە، (تیرداد) فەرمان ڕەوای کوردستان لە ساڵی ٣٣٨ز ئاینی عیسای پەسەند کردووە، وە بڵاوی کردوەتەوە بەڵام ناوچە شاخاویەکان بەتایبەتی ئەم ناوچەیە بەگوێ یان نەکردووە، وە هەر لەسەر ئاینی زەردەشت و ماریفەتی پیرشالیاری یەکەم ڕۆیشتوون.

هەروەها ئەو شەڕەخوێناویانەی کە لەساڵانی ٣٠٧ – ٣٢٤ کۆچی لەسەردەمی فەرمان ڕەوایی عەباسی یەکاندا لە سەرووی کوردستان ڕویانداوە هەموویان شەڕی ئاینیەوە، بۆ پاراستنی ئاین بوون.

## جەژنی پیرشالیار:

سی و پێنج ڕۆژ زستان ئەمێنێ، هەورامییە دانیشتووەکانی ئەو دێ یەی کە گۆڕستانی پیرشالیاری تیایە، لە خانوەکەی خۆیدا هەموو ساڵێك، سێ ڕۆژ جەژن ئەکەن، خواردن هەر ئەو خواردنەیە کە لەو سەردەمە خواردوویانە وەك گۆشت وە برویش.

هەر لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا، هەر کەسێ بە گوێرەی توانای خۆی بەرخ بێ، یان کار یان گوێرەکە نیازی خێری پیرشالیاری لێ ئەهێنێ بۆ ئەوەی لەو ڕۆژەدا سەریان ببڕن، وە ئەو ئاژەڵانە ئەدەنە دەست گزیرەکان بۆ

بەخێوکردنیان بە چارەلۆی تایبەتی پیرشالیار خۆی کە تا ئێستەش ماوە، وە لە دەربەندی [ملەمارفا] باغێك گوێزی هەیە.

ڕۆژێك پێش جەژن گوێزی ئەو باغە بەش ئەکرێتەوە بەسەر خەڵکا بەوە ئاگادار ئەبن کە سبەینێ جەژن دەست پێ ئەکات.

منالأن بەیانی زوو لە ڕۆژی چوار شەمەدا دەست ئەکەن بەگەڕان بە کۆڵاندا، بە دەنگی بەرز ئەڵێن (کلاوڕۆژنە) ئەوانیش چی لەبەر دەستیانا هەبێت بێ بەشیان ناکەن، وەك گوێز، مێوژ، هەنجیری وشك، دانوولە، هتد...

یەکێك لەنەتەوەی (هاڵیشا) کەیەکەم جار ئاژەڵی سەربڕیوە هەموویان سەرئەبڕێت وە خۆی سی و جگەرێك ئەبات بۆ خۆی هەر تایفەیەك چ جۆرە گۆشتێکی پێ درابێ لە یەکەم جەژندا ئێستەش هەر ئەو جۆرەی ئەدەنێ.

بەلأم بروێش لە هەموو ماڵێك کۆ ئەکرێتەوە ئێوارەی پێنج شەمە گزیرەکان مەنجەڵی گەورە کۆ ئەکەنەوە نیوەی لێ ئەنێن منالأن دێن هەریەکە بەشی ماڵی خۆیان ئەبات.

وە بۆ شەوی هەینی نیوەکەی تری لێ ئەنێن، وە پیاوان هەموو لە خانووەکەی پیرشالیاردا کۆ ئەبنەوە، کە بەس لە ساڵێکا سێ ڕۆژ دەرگاکەی ئەکرێتەوە، وە لە پێشەوە بە دوو ڕیز وە بە نۆرە دەست ئەکەن بە هەڵپەرکێ وە لە دووایی‌دا هەموو دائەنیشن دەست ئەکەن بە نانخواردن پاش ئەوە بەردێك کە پێی ئەڵێن( کۆمسا ) کە لەنزیك گۆڕی پیرەوەیە،



PUBLIC

گزیرەکان ئەی شکێنن وە بەشی ئەکەنەوە بەسەر خەڵکا بۆ موفەڕەکی، ...
ئەڵێن هەموو ساڵێك وەك خۆی لێ دێتەوە، چل و پێنج ڕۆژ، لە بەو...
ئەڕوات کە زۆربەی خەڵك نیازی چوونە هەوارگەکان ئەکەن دووبارە لەسە...
گۆڕستانی پیرشالیار نانێك ئەخۆن، وە داوای سەرکەوتنی لێ ئەکەن و پەر...
بەهەوارگەکان بڵاو ئەبنەوە.

تا ئێستە بۆ ئێمە ڕوون نە بووەتەوە کە ئایا ئەم جەژنە جەژنی پ...
شالیاری زەردەشتی کوڕی جاماسبە، یان جەژنی پیر شالیاری دووەم...
کە لە نەتەوەی پیر شالیاری یەکەمە کە لە ساڵی (٤٨٠هـ) دا خەونێکی
دیوە بە (محمد) (د.خ) وە بەیانی زوو ئیسلام بووە وە ناوی خۆی گۆڕیو...
بە ( مستەفا کوڕی خداداد ) وە هاوچەرخی شێخ عەبدوالقادری گەیلانی
بووە. وەك مێژوونووسەکان نووسیویانە پاش ئەوەی ئیسلام ئەبێت
دەستکاری ماریفەتەکەی پیرشالیاری زەردەشتی کردووە، بەتایبەتی ئەو
بەندانەی کە لەگەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا یەك نەکەوتون.

## نووسینی کۆنی ئەم ناوچەیە

لە ساڵی (١٣٢٨هـ) سەید حسین ناوێك لە هەورامان لەناو کوپەڵەیەکی پ...
لە هەرزندا، سێ نووسراو ئەدۆزێتەوە، کە ئەو نامانە ئەکەونە دەست
پرۆفیسۆر (براون) ئەیان با بۆ پرۆفیسۆر (منس) کە شارەزابووە لە زمانی
یۆنانی کۆندا، یەکێك لەو نامانە بە زمانی کوردی وە شێوەی هەورامی
کۆن بووە کە ( ٨٨ ) ساڵ پێش میلاد نووسراوە وە ئاشکرای کردووە، کە...



PUBLIC

فەرمانڕەوای ئەو سەردەمەی ناوچەی هەورامان ناوی (بەهمەن)[٩] بووە، وە دوو نامەکەی تر یۆنانی کۆن بوون، وە ئاوێستای کۆن بە شێوەی هەورامی وە بە پیتی-ماسی سۆراتی([١٠]) نووسراوەتەوە. وە لە نامە خانەی گشتی لە تاران چەند لاپەڕەیەك لە ئاوێستای تا ئێستاش ماوە.

بەراوردێك[١١] لەگەڵ شێوەی ئاوێستاو شێوەی هەورامی و سۆرانی دا.

| ئاوێستای کۆن | شێوەی هەورامی | شێوەی سۆرانی |
| --- | --- | --- |
| بەرزەدا | بەرزا | بەرزە |
| ماسیا | ماساوی: مەس ئاوی | ماسی |
| ئەشترا | ووشتر | حوشتر |
| مەخشی | مەشی | مێش |
| وەرخا | وەرە | بەرخ |
| شەن | ژەنی | ژن |
| مانۆوە | مەنۆوە | ئەمێنێتەوە |
| هۆر | وەر | خۆر |

٩ - بە هەژدە پشت ئەچێتەوە سەر بەهمەنی یەکەم کوڕی ئەسفەندیار باپیرە گەورەی فەرمانڕەواکانی هەورامان ﴿ مێژووی مەردۆخ - ل ٤٠ ﴾.

١٠ - ماسی سۆراتی ئەو کەسەیە کە لە سەدەی دەیەمی پێش میلاد ئەو پیتانەی داناوە بڕوانە پەڕاوی ( شرق المستهام فی رموز الارقام ).

١١ - ئەم لیستەیە بە دەستکاریەوە لە پەڕاوەکەی مامۆستای بەڵرخ شاکر فەتاح ( زەردەشت )ەوە وەرگیراوە.



PUBLIC

زۆر لە وشەی و ( و ) لە هەورامیدا ئەبێ بە (خ) لە شێوەی سۆرانیدا وەك:

وێشان - خۆیان

واردم - خواردم

وێم - خۆم

وونی - خوێن

لەم لیستەی ئەودیو بۆمان دەرئەکەوێت کە شێوەی هەورامیِ تا ئێستە جیاوازی ئەخات لە بەینی نێر و مێ دا:

| شێوەی هەورامی | | شێوەی سۆرانی | |
|---|---|---|---|
| بۆ نێر | بۆ مێ | بۆ نێر | بۆ مێ |
| شیروان ووتەن | نگاری وتێنە | شیروان نووستوە | نگاریٚ نووستووە |
| ئا کوڕە هەتیما | ئا کناجیٚ هەتیمەنە | ئەو کوڕە هەتیوە | ئەو کچە هەتیوە |
| کەش ڕەنگینا | دەشتە ڕەنگینەنە | کەژ ڕەنگینە | دەشت ڕەنگینە |
| هەنگوین شیرینا | هەنگوری شیرینەنە | هەنگوین شیرینە | تریٚ شیرینە |
| شێرکۆ ئامانۆ | شیرینە ئامێنۆ | شێرکۆ هاتووەتەوە | شیرین هاتووەتەوە |
| ڕۆ دڕێژا | شەوە دڕێژەنە | ڕۆژ درێژە | شەو درێژە |
| تەوەر تێژا | کاردی تێژەنە | تەور تیژە | چەقۆ تیژە |
| کەیکاوس کوشیان | ئەختەرە کوشێنە | کەیکاوس کوژراوە | ئەختەر کوژراوە |
| گێلای وەشا | جەژنە وەشەنە | گەڕان خۆشە | جەژن خۆشە |
| ئەوزاد لوان | پەریزادە لوێنە | ئەوزاد ڕۆیشتووە | پەریزاد ڕۆیشتووە |
| کەڵەشێرەکە زلا | کەرگەکیٚ زلەنە | کەڵەشێرەکە گەورەیە | مریشکەکە زلە |



PUBLIC

## لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئیبراهیم و زەردەشت

مێژوو نووسەکان دەربارەی مێژووی زەردەشت زۆر جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەوەی گومانی تیانیە زەردەشت زۆر بوون.

ئەرستۆ نووسیویەتی ( ٦٠٠٠ ) شەش هەزار ساڵ پێش دەوری ئەفلاتون بووە کە تا ئێستە ئەکاتە نزیکەی ( ٨٣٧٧ ) ساڵ مێژوونووسی یۆنانی (گران نۆس) نووسیویەتی هەزار و هەشتا ساڵێ پێش میلاد بووە، وە زەردەشتێکی تر بووە کە ئە لێن دوو هەزار و سەد ساڵ پێش لە دایك بوونی عیسا بووە.

وە دووا زەردەشت ئەو زەردەشتەیە کە زیاتر لە-١٠- مێژوو نووسی وەك : مسعودی، حمزەی ئەصفەهانی، یاقوت، قەزوینی ، ...... هتد .

نووسیویانە لە سەردەمی (گوشتاب) لە ورمێ – لە دایك بووە، باوکی ناوی (یۆرشەب بوو) دایکی ناوی (دەغدۆڤا) یە لە ساڵی ٦٠٠ پێش میلاد بووە.

( گوشتاب ) ئەم ئاینەی پەسەند کردووە، وە بووە بەهۆی بڵاوکردنەوەکەی.

ئەم زەردەشتە ( بەرجیست ) کچی ( جاماسب ) وەزیری گۆشتابی مارەکردووە ، وە کچی برایەکی خۆی بەناوی (ئاهو) مارەکردووە وە



PUBLIC

پەڕاوی ئاوێستا بۆ ئەم هاتووە کە بە زمانی ئەو سەردەمەی کوردی بووە.

(جاماسبی) باوکی پیرشالیار یەکەم هاوناوی ئەو جاماسبەیە کە وەزیری (گوشتاب) بووە بەڵام نازانرێ بە چەند پشت ئەگاتەوە سەر بەو جاماسپ

مێژوونووسان، احسان نوری، (فردوس) وە ( ابن الاثیر ) نووسیویانە زەردەشت و ئیبراهیم هەر یەکێکن وە لە دەست دوژمنانی خۆی دەربازکردووە تا گەیشتوەتە ( کەنعان ).

ئەگەر بەراوردی مێژووی زەردەشتەکان بکەین، ئەبێ بڵێین ئیبراهیم ن زەردەشتەیە کە دوو هەزار و سەد ساڵ پێش میلاد بووە چونکە ب نووسینی هەندێ مێژوو نووس ئیبراهیم لەو سەردەمەدا بووە، وە لە دەورو[12] پشتی (ئۆرەوە) ڕۆیشتووە بۆ (کنعان)، دیسانەوە هەندێکی تر نووسیویانە ئیبراهیم دوو سەد و نەوەد و دوو ساڵ پاش تۆفانی نوح[13] لەدایك بووە وە ئەو تۆفانە لە دەوروپشتی دەریای خەزەر بووە لە ٣٢٠٠-٢٤٠٠ پێش میلاد وە لەسەر کێوی جودی - گودی کە بە شێکە لە زنجیرەی شاخی ئارارات کەشتیەکەی وەستاوە.

ووشەی کوردی لە گودیەوە هاتووە.

---

١٢ -المنجد في الادب و العلوم ل/٤ ئەڵێ ٢١٠٠ ساڵ پێش میلاد بووە.

١٣ - اطلاعات العمومي.

وە لە پەڕاوی (رفع الخفا) دا ئەڵێ شاری نەهاوەند[١٤] لە کاتی خۆیا نوح بنیاتی ناوە لەنزیك هەمەدانی ئێستاوە لەوێ نیشتەجێ بووە.

دووبارە (هاك) ی ڕۆژهەڵاتناس لەدایك بوونی ئیبراهیم ئەگێڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵێك پێش لەدایك بوونی موسا-د.خ-.

لە پەڕاوێزی - حاشیەی ( محی الدین ) ی عەرەبی لەسەر تەفسیری خازن نووسیەتی ئیبراهیم خەڵکی کۆیەی عێراقە. وە تا ئێستەش جێگاو شوێنی نەمرود لە نزیك ڕانیەوە ماوە کە لەوێ ئاگری بۆ ئیبراهیم کردوەتەوە[١٥].

چونکە ئیبراهیم لەو سەردەمەدا دەستی کردبوو بە بڵاوکردنەوەی ئاین و بیر و ڕای خۆی . ڕۆژێك بە دایکی وت دایە نەمرود ئەڵێ من خوای سەرزەمینم، ئەی خوای ئەو کێ یە؟

دایکی پێی وت ڕۆڵە با نەمرود ئەزانێ لە ناوت ئەبات، ئەویش وتی،خوا ئەو خوایەیە کە نەمروود و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و هەموو گیانلەبەرێکی

---

[١٤] -نەهاوەند= نووح ئاوەند، نووح ئاوە.

[١٥] - نەمرود: نەمارد کوڕی کوش، کوڕی حام کوڕی نوح، وەك لە تەورات سیفری تەکوین سیفری دەیەم ئایەتی هەشتەم نووسراوە. نەمرود باوکی نینۆس بووە کە نەینەوای دروست کردووە. پاش ئەوەی پایتەختی لە ئاشور گوێزراوەتەوە بۆ ئەوێ نەینەوا = نین ئاوا، وە نینۆس سەمیرامیس = شەمیرامی ی کچی ( یلەرس) ی زانای فەلەکی کلدانی بووە کە لە ساڵی دوو هەزار و شەست و نۆی پێش میلاد بووە، لو کاتێکا ئاشوری داگیر کردووە، شارەمی بە یەکەم شاژنی جیهان ئەناسرێ وە لە داناناێی بڵای شەڕدا دەستێکی باڵای بووە یارمەتی نینۆسی داوە لە داگیرکردنی مادی کۆن و هیندا( بڕوانە مێژووی هەورامانی کۆن لاپەڕە ١١٢، ١١٧، وە جاماسب نامە لاپەڕە ١٢٨).



PUBLIC

دروستکردووە. ڕۆژێ چووە ناو بت خانەکەیانەوە ، بتەکانی بە تەو
شکاندن وە لە دووايیدا تەورەکەی خستە سەر شانی بتە گەورەکەیان
کاتێ خەڵك پێ یان زانی وتیان بۆ ئەم بتانەت شکاندووە؟ ئەویش وتی
ئەبێ بتە گەورەکەیان ڕقی هەستا بێت ، وە ئەو کارەی کردبێ لێ
بپرسن؟ ئەوانیش وتیان بەردێك چۆن گفتوگۆ ئەکات. ئیبراهیمیش
فەرمووی ئەی بۆ ئەیان پەرستن؟ وتیان لەسەر بیر و باوەڕی باپیرانمان
ئەڕۆین، وتی ئێوە و ئەوانیش بەهەڵەدا چوون. بە فەرمانی نەمرود
ئاگرێکی گەورەیان بۆ کردەوە کە بیسوتێنن. لە پەڕاوی (کشف الغمه) دا
نووسراوە ئەوەی خستیە ناو ئاگرەکەوەپیاوێك بوو لە هاوڕەگەز و
وزمانی خۆی لە کوردەکان بە مانا ئیبراهیم کورد بووە[16]. لە تەفسیری
(بیضاوی ) لە سورەتی ( الانبیاء ) ئەڵێ: ئەوەی ئاگرەکەی بۆ کردەوە
بەلای هەندێ کەسەوە نەمرود بووە وە بەلای هەندێکی ترەوە پیاوێکی
کورد بووە، بەڵام خوای گەورە ئاگرەکەی سارد کردەوە و ئیبراهیم بە
سەلامەتی هاتە دەرەوە( قلنا یا نار کونی برداً و سلاماً علی ابراهیم).

(ابن عباس) نووسیویەتی یەکەم کەسێك لە پێغەمبەران کە بە عەرەبی گفتو گۆی کردبێ ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم بووە وە ئە ئەویش لە هۆزی (بنی جرهم) [17] کە هاتن لە نزیك بیری زەمزەم نیشتەجێ بوون ، وە لەوانەوە فێری ئەو زمانە بوون.

16 -دەست نووس : باسی ئیبراهیم ل (٤٧).

17 - باسی پێغەمبەران : جمال الحسينی لاپەڕە (١٢).

ئیبراهیم کە گەیشتە کنعان تەمەنی سەد ساڵ بوو ئیسماعیلی کوڕی ٣٠ساڵان بوو وە یارمەتی باوکی ئەدا لە دروستکردنی (کعبە)دا.

وە ئەگەر بێتوو دڵنیا نەبین لەوەی کە مێژوو نووسان نووسیویانە ئیبراهیم و زەردەشت یەك کەسن، خۆ ئەبێ بتوانین بڵێین: کە هەردوکیان پێغەمبەربوون وە کوردن ، وە ئاینەکەیان خوا پەرستی بووە، وە ئاینی زەردەشتی مەگوومی - مەجووسی نییە وە خوای گەورە لە دژی ئاگرپەرستەکان ناردوویەتی.

وشەی هەورام : هەندێ ئەڵێن هەورام لە ئەورامەوە هاتووە وەك (محمود الدره). وە زۆرجار ئیبراهیم لە پەڕاوەکانی مێژوودا بە ئەورام ناوبراوە بە مانا هەورامیەکان ئەدرێنە پاڵ ئیبراهیم. هەندێکی کە ئەڵێن مەروان - مەریوان وە ئەورام - هەورام دوو برا بوون.

## شوێن و دیمەن و ژیانی ئەم ناوچەیە

ناوچەی هەورامان لە ڕۆژهەڵاتیەوە شاری سنەیە وە ڕۆژئاوای شارەزوور. لای سەرەوەی مەریوان، وە خوارەوەی جوانرۆیە. ژمارەی دێکانی زیاترە لە سەد و شەست و هەشت دێ کە هەندێکیان وەکو شارێکی خنجیلانە وان، وەك : تەوێڵە ، پاوە، نۆدشە ، نەوسود، بایگەڵان، بیارە، بێساران، هوویە ، هەورامانی شار، دزڵی ، ڕەزاو.

وە نەبێ هەر لەم ناوەدا هەورامیەکان جێگیر بن، بەڵکو زەنگەنەی ناوچەی لەیلان، باجەلانی ناوچەی خانەقین، شەبەکی ناوچەی موسڵ، هەندێ لە تاڵیشەکانی ناوچەی خەزەر ئەمانە زۆربەیان بەم شێوەیە گفتو گۆ ئەگەن،



PUBLIC

وەك (عصمت شريف) نووسیویەتی هەندێ لە زازاکانی تورکیا بە هەورامی گفتو گۆ ئەکەن. بە شێوەیەکی گشتی هەورامیەکان ئەکرێن بە دوو بەشەوە:

١. هەورامییەکانی تەخت.

٢. هەورامیەکانی لهۆن.

١- هەورامیەکانی تەخت:

ئەم فرمان ڕەوایانەیان هەبووە، نادرسان کری ڕۆستەم، کوڕی بارام - کە پێی ئەڵێن (هەسەن سانی) . بارام شەش کوڕی بووە ١-سەردار ٢- قادر ٣- عزیز٤- کە باوکی محمود خانی دزڵی بووە ٤- جان الله بگ ٥-حبیب ٦- حبیب الله.

٢-هەورامانی لهۆن: ئەم فەرمان ڕەوانەیان هەبوو: عثمان سان کە أحمد و حمە سەعید کوڕی ئەوە بوون.

حەمە سعید شەش کوڕی بووە:

١- عبدالرحمن ٢- عثمان ٣-رۆستەم ٤-فتاح ٥-جعفر ٦- محمد حەمیتە.

وە جعفر سلطان ٢١ کوڕی بووە. وە ڕۆستەم ئەم کوڕانەی بوون:

١-ئافراسیاب ٢ حسین ٣- تەوفیق.

ئەم فەرمان ڕەوایانەی تەخت و لهۆن ئەچنەوە سەریەك ئەژاد کە بەهمەن کوڕی ئەسفەندیارە.



PUBLIC

حەمە سەعید سان لەگەڵ عبدالرحمن بەگی کوڕیا لە قەڵای جوانڕۆ بەدەستی (شرف الملك) کوژراون. پاش ئەو ڕۆستەم[18] بووە بە سانی هەورامان، وە پاش ئەو حەمە ساڵح ، پاشان جعفر سلطان بووە بە سانی هەورامانی لهۆن.

بەروبوومی ناوچەی هەورامانی بەزۆری، گوێز، توو، هەرمێ، ترێ وە گەڵێ شتی تریش هەیە.

سەرچاوەی ئاوی شیرین و هەوای سازگار و دیمەنی چیا بەرزە ڕەنگینەکانی لەگەڵ دیمەنی جۆگە ئاوی ڕوون بەژێر باخەکاندا هەر وەك بەهەشتێکی ڕەنگین وایە.

خەڵکی ئەم ناوە پێویستیان بەکەس نەبووە لە ژیانیاندا.

خۆیان توانیویانە هەموو پێویستیەك دروست بکەن وەك ڕانك و چۆغە ، جاو ، کەوچك ، کڵاش ، پێڵاو ، چەقۆ ، خەنجەر ، شانە، تەشی ، کڵاوی خوری ، لباد، سەبەتە ، فەرەنجی و کەرەك ، وە هەموو پێویستیەکی ناوماڵ ، تەنانەت ڕانك و چۆغەی باش تا ئێستەش نرخەکەی نزیکی نرخی قوماشی ئینگلیزی ئەکاتەوە.

ناوچەی هەورامان زۆر شوێنی سەیران گەو جێگای ڕابواردنە ئەم هۆنراوانەی مامۆستا (گۆران) کە (دانای هەورامی) کردنی بە پێنج خشتەکی هەندێ لە دیمەنی هەورامان ڕون ئەکاتەوە:

دێ لە ناو دۆڵی پیچو پەنایا

18 - لە ساڵی ١٣٠٩ دا کوژراوە.


خانوو له قەدپاڵ کەژ و کێوایە
ئاوەدانو پڕ خۆشیو هەرایە
کام بەربەرۆچکەی بەرز و سەفایە
چەشنی دڵی شاد دێیە ئاوایە
مرۆۆ لە سەیری گەشتی ئەبێ لێو
هاوین لە ناو باخ بە خێزانو خێو
دەور و پشتی دێ ڕیزەداری مێو
یەك لە سەر یەکتر بەرەو لوتکەی کێو
بۆ ئاسمان ئەچن وەك پێ پیلکەی دێو
هەندێ ڕێگا ڕاست، هەندێ لار و چەوت
لەپاڵ چەمێکا کە دێت لێ دەرکەوت
کەمیان یەك نهۆم مەگەر بە هەڵکەوت
لەدێدا کام جێت گەورە بەرچاو کەوت
ماڵی ئاغایە و خانەقا و مزگەوت
کاتێ ئەزانی وای لە بەهەشتا
هەزار خەیاڵی خۆش دێ بەسەرتا
هەوای سازگار، ئاو لەبەردەستا
خانووی بەگزادە لەسای درەختا
ئارامی بوو کە لە کۆشی بەختا
خەڵکی هەورامان وەك لەوێ بووم خۆم
هەندێ باخەوان هەندێ جولا و دۆم
ئەو کارەی لەوێ ئەکرێ مەر لەڕۆم

خانووی ئەهالیش زۆریان دوو نهۆم
هەندیٚ قنج و قیت، هەندیٚ لار و کۆم
لەیادم ناچیٚ تا ئەمنیٚنە گلیٚ
تا لیٚدا نەبزی ئەسرەواوی دڵ
ئەنانیٚلم هەروەك بولبولی سەرچلیٚ
ژنی هەورامان سەرتاپا خشلیٚ
سەرچاوەی بۆنی میٚخە کو سملیٚ
بە لەنجەو لار و بە چاوی پڕ کل
لیٚو ئالیٚ و ڕەشخالیٚ سرکەیی لە مل
گفتوگۆ شیرین وەك نەغمەی بولبول
تا بلٚیی تەڕ پۆش ئالیٚ و والاّ جل
بەژن و بالاّ جوان بەدەن نەرمو شل
پڕیە لە خۆشی و لە کامەرانی
سەد دلٚی غەمبار ئەبیٚ حەیرانی
شنەی شەمالٚی سەر کۆسارانی
عیشقی ئیٚوارەی سەرەڕیٚی کانی
بەرئەداتە چەم کلٚپەی گۆرانی
عیوی هەرزەکار پڕ لەسەدایە
تا سەر لوتکەی شاخ کەیف و سەمایە
دەنگی گۆرانی و پیٚقەی زورنایە
ڕۆژئاوا ئەبیٚ چەم تاریك دایە
دەنگی (کنا لەیل) هەر دوایی نایە



PUBLIC

دیمەنێك لە شاری هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان
(شوێنی لەدایك بوونی پیرشالیاری ەردەشتی ) یە .



PUBLIC

# بەشی دووەم

# وێژە و ئەدەب



PUBLIC

ئاماوەیەك لەمەوپێش زۆربەی هونەرەكانی كوردستان بە شێوەی هەورامی هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە، هەرچەندە بریتی بوون لە ستایشو پیاهەڵدان وە (تصوف)، غەزەل وە بە دیمەنی چیا و هەردەكاندا لەگەڵ باسی شەماڵ هتد..

ئەمەش سوچ لەوانەوە نەبووە، دیارە ئەو دەمەی بوێژ یا هونەری تیا ئەژی هۆنراوەكەی یا نوسراوەكەی هەرجۆربێت، لەگەڵ ئەو شوێنەوارەدا (بیئە) پەیوەندی تەواویان هەیە، ئاشكرایە تا ڕەوڕەوەی گەلێك بەرەو پێشتر بڕوات شێوەی ئەدەبەكەی بەو جۆرە ئەگۆڕێت. تەنانەت هەندێ وشەی زمانەكەشی وەك خۆی نامێنێتەوە.

لەمەو پێش هونەر زۆرتر گوێ بە ( بلاغة ) و هۆنراوەی گرێ دار و پڕ لە نهێنی داوە بەتایبەتی وشەی چوون یەكی تەواو ( الجناس التام ) وە چونیەكی ناتەواو ( الجناس الناقص ) وە زۆر جۆری تر لە ( ڕتوش: جوانكردن - بدیع) و ڕازانەوەی هۆنراوەكانیان، كەواتە وتراوی هەر بوێژێك بەستراوە بە چۆنیەتی ژیانی ئەو گەلەی كە تیایا ژیاوە. ئیتر ئەو

هۆنراوەیە (تصوف) یا نیشتمانپەروەری بێت هۆنراوەی یەکیەتی بابەر

یان سەربەست بێت.

نابیٚ گلەیی بکەین وە بلێین بۆچی مەولەوی یان بێسارانی یان سەیدی

هەورامی هەر بە [ تصوف ] یان دیمەن و بالآدا هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە؟

ئایا ئەگەر گۆران،یا کامەران، یا هەردی ، لەو سەردەمەدا بوونایە ئە

هۆنراوە جوانە نیشتمانپەروەریانەیان ئەوت؟

دیارە نا، لەم پەرتوکەدا هەندیٚ لەو هۆنەرانە کە بەم شێوەیە ب

هەلبەستیان وتوە چی؟ لە تواناداا بێت باسیان ئەکەین لەگەلٚ چەند

هۆنەرێك لە شێوەکانی تر؟

****************************

## سەیدی هەورامی

ناوی سید حەمە صادق کوڕی سەید علی یە لە سەدەی شانزەهەمدا ۱۲۵۰م لە ناوچەی هەورامان ناوبانگی دەرکردووە بیر و باوەڕ و جۆری هۆنراوەکانی ئاوێنەیەکن بۆ هۆنراوەی ئەو سەردەمە کە باسی سروشت و هەوارگە ڕەنگینەکانی ئەم ناوچەیە دەکەن، هەروەها پیاهەڵدان و ستایشی ئاینی وە چۆنیەتی ژیانی ئەو سەردەمە ڕون ئەکاتەوە کە تیایا ژیاوە.

سەیدی لە زۆر ( عیلمەکاندا ) پایەیەکی بەرزی هەبووە وە لە لای مەلا جەلالی گەورە لە خورماڵ ئیجازەی وەرگرتووە.

وە وەك ئەڵێن سەیدی یەکی تریش بووە لە سەردەمی (مصطفی بەگی کوردی) دا بووە ناوی (حەمە لەتیف) بووە بە گوێرەی هۆنراوەیەکی کە ئەڵێ :-

هیجری نەزانان.. هیجری نەزانان
تو بە خاڵی دەرد ئێمەت نەزانان
من سەیدیم سەردار سپای دێوان
کوشتەی دەردی عشق زەدەی هیجرانان

چونکە یەکەم جار نازناوی کوردی "هیجری" بووە.

ئێمە هەر ئەوەندە لە تواناماندا بوو دەربارەی سەیدی نووسیمان هیوادارین لەمەولا بەتەواوی مێژووی ژیانی سەیدی ڕوون بێتەوە.



PUBLIC

سەیدی لەم پارچە شیعرەیدا چۆنیەتی ژیانی ئەو سەردەمە پووز
ئەکاتەوە کە ساوەر و برویٚشیان بە دەست هاڕ هاڕیوە :

هارە سەختەنی.. هارە سەختەنی
تۆ خۆ کەم قیمەت سەنگی سەختەنی
جای بلند ئیقبال ساحیب بەختەنی
یار ئامان وەلات جەهد و جەختەنی
تراشیدەی دەست سەر ئۆستادی باش
جەستەی پڕ زەخم قولنگەی سەنگ تاش
یادگار ئۆستای قەدیم زەمانان
دەس ئاسی دەس کێش خەیاتە حامان
چمان تاشیای تۆشەی فەرهادی
دەستش جەنەمام داری شسمشادی
ئارۆ قیبلەی من بە لەنجەولارە
تەشریفش وەلای تو ئامان هارە
دیم شیرین نیشتەن دانە مەدۆپێش
هارەش هار کەردەن دەور مەدۆنە وێش
مەگێلو بەدەو چوون چەرخ چەپ گەرد
هەیاهوش گەرمەن مەنالۆ جە دەرد
ئاگات بۆ دەستش یە پەنجەی یارەن
پەنجەش ڕێش نەبۆ هارە هاوارەن



PUBLIC

شیرین بە سەد ناز مەکێشۆ دەستە
دانە مەدۆ پێش چوون ئاوات وەستە
دانەش مسانی چوون ستەم کاران
مەکەریش وە گەرد توتیای شاران
تاقەت شی جەلام واتم ئەی هارە
بە مەودای ئەڵماس پارە بای پارە
تۆ دەست شیرین دەستە کێشتەن
ئاواتت بڕیان ، ناڵەی چێشتەن
با من بناڵو ڕوان تا شەوان
زەدەی هیجرانم دەردم بێ دەوان
هارەی هەراسان هەردەی هەردە گێڵ
وەس دەور دە نەوێت چوون دێوانەی وێڵ
ئانە شیرینەن دڵ بەر دڵ ستان
دڵ چێت مەسانۆ مەکەرۆت داستان
چەنی کەس تا سەر هەرگیز یار نیەن
یاری ساحیب شەرت وەفادار نیەن
هەرکاتێت زانا هۆرێزا بە قەست
چوون بێ بەینەتان جەتۆش کێشا دەست
شی بە ماوای وێش تەشریف بەردەوە
تۆش ئاستی وەلای داخو وەردەوە

کۆتابی سەداو نەعرەتە و دەنگت
بێ قیمەت گنای کەس بێ سەنگت
بە و دڵەی پڕ سۆز مەینەت بارەوە
پێچیای بە دەرد دووری یاوەرە
ئەوسا چەنی زام بێ دەوای خەتەر
مات مەبی بێ دەنگ جە سەیدی بەتەر
سەیدی عار نیەن سەیدی عار نیەن
هەرکەس عاشقەن ناڵەش عارنییەن
ئیمەیچ ناڵەمان خۆپێ کانییەن
کەس جە دەردی کەس خەبەردار نیەن
منیچ دێوانەی خاڵی شیرینم
پابەندی تای زوڵف تای عەنبەرینم
بەڵام ئێد شیرین ئەیامان نیەن
چوون خواجەی غەم خوار غوڵامان نیەن
هەرگیز چەنی کەس تا سەر نەساتەن
شەرتش ئیقرارش وەفاش یەك ساتەن
ئەوسە کە شیرین مەکێشو دەستم
ماوەرۆ بەسۆز زامانی خەستم
جە خەوفی لواش جەستەم نەلەرزەن
هەی هاوار هەی داد هەی هانام بەرزەن



PUBLIC

یاران یه سەنگەن چەنەش حاشاکەن

جەستەی مەینەت بار من تەماشاکەن

سەنگیٚ پی تەورە مەسۆچۆ بەتاو

دلٚ قەترەی هوونەن چۆن نەبو بە ئاو

( سەیدی ) جەهیجران شۆخی جەمین لالٚ

ساپەی چێش نەبۆ بە کۆگای زوخالٚ[19]

واتە:- لەم هۆنراوەیەدا سەیدی ئەکەوێتە گفتوگۆ لەگەلٚ دەست هاڕ، وە پێی ئەلٚێت: بۆچی وا خۆت پەرێشان ئەکەیت؟ باوەڕت بە شیرین نەبێت زۆری پیٚ ناچێت بە جێت ئەهێلٚیٚ بەلای داخ و دەردەوە دەس هاڕ ئەلٚیٚ : وە نەبیٚ من بەوە نەزانم، بەلاٚم بەدەست خۆم نییە کاتیٚ کە شیرین دێتە لام یەك جار شێتو هار ئەبم ئەوەش ئەزانم کە بە جێم ئەهێلٚیٚ. سەیدی ئەلٚیٚ: تۆ کە بەردێکی بیٚ گیانی ئەم ئەم دەنگ و نالٚەیەت لیٚ دیٚ خۆ دلٚی من پارچە خوێنێکە چۆن بە ئاو نەبیٚ ؟

سەیدی دەربارەی بەهار و نەورۆز ئەلٚێت:

نەورۆز گولٚ خێزان نەورۆز گولٚ خێزان

وادەی وەهارەن نەورۆز گولٚ خێزان

نەورۆز گولٚ جاسووس گولاٚنی تازەن

وەهاری کیانان نیزامی وازەن

---

19 - هار: دەس هاڕ ، ئارو: ئیمڕۆ. ئامان : هاتوە. مەکەریش: ئەی کەیت. وێت: خۆت گەدی : کەوتی. ماوەرۆ : ئەهێنێت. پەی چێش : بۆچی. زوخالٚ: خەلٚوز.

بافتەن پەی زینەت ڕەندان دڵبەر

چوون چقەی تاووس بپێکاش وەسەر

خاسەی نەورۆزان تەپای هەردەوە

یەك یەك بەرئامان نە تۆی پەردەوە

هەیمای زمسان تەشریف نەبەردەن

نەورۆز گوڵ موژدەی وەهار ئاوەردەن

نزانی مدۆ زمسان ویەرد

تەختی یەخ بەندش هەوا دا بەگەرد

باد وادەی وەشت جە کۆسار مەیۆ

نزانی مدۆ نەو وەهار مەیۆ

وەختەن شای وەهار بنیشتۆنە دەور

جاڕ کێشۆ ڕەعد تەم و تلو هەور

وەختەن بگێڕۆ ڕووی دەشت و سارا

کەوکەبەی بەهار وێنەی شادارا

وەختەن بەیۆ بەر ئۆرودی گولاڵان

گێڕان دەر و دەشت چوون هەردە ساڵان

وەختەن شای وەهار بکیانۆ خەڵات

سەوزەی ئەتڵەس ڕەنگ پەی ڕووی سەربسات

وەختەن شەقایق سەربارۆ وەبەر

هۆردۆ ئالأی سوور جە بالأی کەمەر

وەختەن بولبولأن جە شیرین خاودا

بیّ دار بان جەملك خاسەی وەهاردا

وەختەن سارێژ بۆ خاترشان جەداخ

لەت بینان بە عەزم گولّ گەشتی لەیلاخ

فەصلی نەو وەهار وەختی گولّ گەشتەن

سەرزەمین بە ڕەنگ سارای بەهەشتەن

سۆسەن ساق سەوز جەلای نساران

چوون تەواف داران قەیتول وتاران

(سەیدی) چوون مەلوول هیجرانی یارەن

فێشتەر غەمناکیش فەسلی وەهارەن[٢٠]

واتە:- خەریکە زستان ئەڕوات نەورۆز و بەهار دەست پیّ ئەکات گولأن ئالأی سور هەلّ ئەکەن دەشت ڕەنگی سەوزی پۆشیوە، وادەی خۆشی و سەیرانە، سەرزەمین وەك بەهەشتێکە ڕەنگینە، بەلأم من لە دووری یار زیاتر غەمگین و پەرێشانم.

٢٠ - واد: کاتی. ئزانی: مژدە. چقە: کلأو. بەرئامان: دەرهاتووە. هدیما: هێشتا. مدۆ: ئەدات، کیانان:ناردویەتی. شەقایق: گولێکی سورە. قەیتول: غونچە.



PUBLIC

وە لەگەڵ شەماڵدا ئەڵێت:-

شەماڵ مەگێرو وەنەت نزایی
ئەر بە نزای من ببۆت ڕەزایی
تاقەت جێم بڕیان نەمەنەن تابم
هوون مەشۆ نەجەرگ کزەی کەبابم
یەك شەو بای شەماڵ وەر جە سوب مەحەر
بەدەوان بەلای قیبلەم گوزەر کەر
بەڵێ لوانت بەی تەور بەدە و بۆ
شۆ وەلای شیرین هەی مانە خەو بۆ
پەردەی ناز جەڕوش بدەر بەلاوە
بۆ سەدەر بە قورس قەمەر سیماوە
چین چین دەستەی زوڵف خەم وەردەی جەمین
پەرچین نە دەوران گوڵ باخچەی جەمین
مازە پەشێویان بەرووش وەهەمدا
نەك پێوار بۆ مانگ نەدڵێ تەمدا
چوون نووری ئاسمان نە ڕووش مەدرەوشۆ
با زوڵماتی کفر ئیمان نەپۆشۆ
وەختێ بای شەماڵ پەڕەندەی تیژڕەو

شیرین دیده مەست هۆرمێزۆ جه خەو
جەو دەم بە ئیکرام وەنەش سەلام کەر
عەرز و حاڵی من وەنەش دیار کەر
شەماڵ وێت کەرە بەزوانو من
واچە بە شیرین سۆی چەمانو من
من قاسیدە جەلای دەردە دارێوم
کیاستەی دەردی بێ قەرارێوم
پەی تۆ سەیلی هوون مەشۆ جە چاوش
پەی تۆ جە چاوان دوورکەوتەن خاوش
پەی تۆ بێ ئارام سەر سامو لێوەن
تەن زامی خەدەنگ مژەی تۆش بێوەن
پەرسە شیرینێ مەیل ئێمەش لاوەن؟
یا جە شەرتی وێش چوون زوڵفش خاوەن
پەی (سەیدی) مەرگەن بەبێ یار ژیان
مازەی بای شەماڵ بسپارۆ گیان[21]

واتە: داوا لە شەماڵ ئەکات لە دەمە بەیاندا بچێت زوڵفە خاوەکانی شیرین لە سەر دەموچاوی لادات، وە پێی ڕاگەیەنێ کەمن نێردراوی دەردەدارێکم

[21] - ئاما: ئەوانم. بۆسە: ماچ. خدەم: پێنج. مژە: برژانگ. مازە: مەهێڵە. سۆ: ڕووناکی، بەدەوان: بەگورجی. ئەپۆشۆ: دای ئەپۆشی. پەرسە: لێی بپرسە.

خوێناو بەچاویا لافاو ئەکات، وە خەوی لێ زڕاوە و ئارامی نییە، ...
شەماڵ لە شیرین بپرسێت ئایا مەیلی جارانی ماوە یا وەک ...
جوانەکانی خاو بوەتەوە؟ شەمال ئەگەر ئەم ڕاسپێرییەم بۆ بکەیت ...
نامرم.

وە لە ستایشێکی ئاینی دا ئەڵێت:-

شەراب و ئیشق و تۆساف و زولاڵ
بەلەزەت وەش بنۆش توند و تاڵ
مەبۆ مەستی ئەزەل هەرکەس مەنۆشۆش
کە ساقیش پادشاهی ذوالجلالا
کە سێوەن ئاکەسە لێوەن بە زاهیر
بە( باطن ) عاقل و ساحێب کەمالا
تە فکرش هەن جەلای موڵکو نەماڵی
نەخو پاکش جەفرزەندو عەیاڵ

تا ئەڵێ :-

دریغ چی گەشتی دنیا ئێمە هەرگیز
شکارتێ پەی قیامەت ما نەکاڵ
دیارەن وەر بدەیمی دەس جە دنیا
نەبیمی شاد پەنەش شادیش بەتاڵ
ئەگەر سەد ساڵ چەنەش مانی بەدڵ شاد

چەنەش تا سەر مەنەی پەی ما مەحالْ

هەزار جام ئەر جە شەربەت ئێمە نۆشمێ

جە ئاخر ژار و مەرگیما قەتالْ

بەناگا باغەوان مەبرۆ بە تێغش

نیەن ڕەحمش چ یاوانو چ کالْ

وەنەش فەرزەن بشۆ پی کارەوانە

ئەگەر بوجەهل و بوزەر وەر بیلالا

زەڕیوما سەر حیسابەن خاك بەسەرمان

نە پۆشاك و نە واردەیما حەلالْ(٢٢)

تانەلێ :-

درازو دوور سەفەرمان ها نەوەردا

نە تۆشەی ڕاو نە پۆشاك و نە پالْ

واتە :- داخەکەم لەم دنیایەدا هەرگیز چاکەیەکمان نەکرد ، تۆشەیەکمان بۆ ئەم ڕێگە دوور و درێژەیە دەست نەخست، چونکە مرۆڤ کە ڕۆژی مردنی هات ئەمرێت، گەنج بێ یا پیر پێ گەیشتوو یا پێ نەگەیشتوو، ئەبوو جەهل بێ یا بیلال، لە دنیادا هەر ئەبێت بڕوات و شەربەتی مەرگ بنۆشێ.

٢٢ - مەنەی: مالەوەز پەیما: بۆ ئێمە. مەبرو: لەی بڕێت. نۆشمێ: بنۆشێ. قەتالْ: کوشندەیە. یاوا: گەیشتوو. کالْ: نەگەیشتوو، زولالْ: شیرین.

لەهۆنراوەیەکی تردا ئەڵێت:-

هەی ڕەندی توحفەی نازەنین
خاڵت چوون عەنبەرگوڵ جەمین
سامەرهەمیٚ دەپەی برین
خۆ کافرستانی نیۆ
بیماری تۆم حور ئەی پەری
ئەر خوایشەن ئەر سەرسەری
شەرتەن عەیادەتمان کەری
خۆ کافرستانی نیۆ
عوریان و کەڵ-پۆس پێلەنان
شەیدای بیابان گێڵەنان
داپەرسەی پەی کیٚ وێڵەنان
خۆ کافرستانی نیۆ
وێڵ وێڵ مەگێڵو کۆبەکۆ
دەردم گرانە ڕۆجەڕۆ
سا حاڵی دەردم بەرسە تۆ
خۆ کافرستانی نیۆ
تەرك و وڵاتیت کەردمان
ژاراوی دووریت وەردمان



PUBLIC

بەسەر پەی حاڵی دەردمان

خۆ کافرستانی نیۆ

ئەر شەرتو بەینت ویرتەن

خۆفی خوداوو بیرتەن

بۆلام ئەگەرچی دیرتەن

خۆ کافرستانی نیۆ[٢٣]

واتە:- سەیدی لەم هۆنراوەیەدا ئەڵێ: بیمارم بۆت ئەی یار هەر تۆ ئەتوانی برینی من سارێژ بکەیت بۆچ لێم ناپرسیتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ دەردم گرانترە خۆ لەناو کافرانا گیرم نەخواردووە.

لە هۆنراوەیەکی کەدا ئەڵێت:-

شیرین خاڵت بام شیرین خاڵت بام

فیدای دانە مشك شیرین خاڵت بام

سەرگەردی لەبان وێنەی لاڵت بم

قوربانی بەیان لێمۆی کاڵت بام

شەیدای شێوەی ڕەند پەری سامت بام

دێونەی ڕوخسار جەمین جامت بام

زام زەدەی کەمان ئەبرۆی جفتت بام

٢٣ - ڕەند: جوان:زیرەك. زیرەك.عوریان: ڕووت. کەڵپۆس : بەرگی کەڵ مەگیلۆ: ئەگەڕێم. ڕۆجەرو: ڕۆژ لە ڕۆژ. نیۆ: نیە. ویرتەن: لەبیرتە.

حەیرانی حیزام شیرین ڕەختت بام

مەخموری دیدەی مەستی سیات بام

بێهۆش ئەندازی بەناز دیات بام

شیرین یە چەندەن دڵ نە زەنجیرەن

نەحەلقەی تای زوڵف بەندەن ئەسیرەن

ئەر جە بەند دام مەبۆ گوشادیش

پنەم دەر مژدە وەختی ئازادیش

وەر عەزمت کوشتەی دڵەی مەجنوون خوون

ڕەزای دڵی من چەنی ڕەزای تۆن

[ سەیدی ] پەرێ عەشق چوون قەیس شانی


مەردەیش وەشتەرەن جە زیندەگانی (٢٤)

واتە:- شیرین ماوەیەکە دڵم بە تای پەرچەمی تۆ بەند کراوە. کەی موژدە ئەدەیتێ بە ئازادبوونی، وە ئەگەر ئەتەوێ بمکوژی کەیفی خۆتە چونکە مردنم باشترە لە ژیانم.

---

٢٤ - لەب:لێو. لال:لەعل. دیونە:سەرگەردان. دیا:سەیر کردن.
جفت:جووت پەنەم دەر: بدەری.

# دیمەنێك لە هەورامان
# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان





PUBLIC

# بێسارانی

( ١٦٥٠- ١٧٠٦ )

ناوی مصطفی کوڕی مەلا ئەحمەد، کوڕی مەلا مەحموودە. لە بێساران لـ
دایك بووە لە ناوچەی ژاوەرۆ. لە نۆدشە فقیەتی کردووە، وە لە پایگەلا
لای حاجی مەلا قاسمی بەناوبانگ خوێندویەتی لە عیلمی (أصول) د
پایەیەکی بەرزی هەبووە، وە حەزی لە ئامینەی کچی شێخ محمەدی
پایگەلانی کردوە، وە بوو بەهۆی هەڵقوڵینی هۆنراوە ڕەنگینەکانی. گۆڕی
پیرۆزی لەبەینی دووڕۆ وە ڕەزاودایە.

**لە هۆنراوەیەکا ئەڵێ:-**

قیبلە یە حەیفەن وێنەی تۆ شایێ
بگێر و نەدڵ خەشمی گەدایێ
ئەگەر گوناهێ وەنەم کەری بار
یەسەر یەشمشێر یەتەناف یەدار
وەگەرنە حەیفەن بە واتەی بەدگۆ
نە پەردە مانۆ ڕازی منو تۆ

بە مانا ئەگەر تاوانم هەیە سەرم ئامادەیە بۆ شیر و قەنارەی تۆ، جوان
نییە بۆ شایەکی وەك تۆ بەواتەی بەدگۆ لەگەڵ گەدایەکی وەك من بەردەوام
بێ لەسەر کینە و ڕقەبەرێ.



PUBLIC

وە ئەڵێ لە هۆنراوەیەکی تردا:

جەو بەیانەوە جەو بەیانەوە
حاڵێ پیم یاوان جەو بەیانەوە
خاڵێ دیم جە بەین دوو بەیانەوە
وەبانی بانی بەین دا مەشنیانەوە
حەکاکانی ڕەو گشت بەیانەوە
کێ دیەن مەغریب جە بەیانەوە ؟
هەتا موستەفا سەرمەنیانەوە
هەروا بەحەسرەت ئەو بەیانەوە[٢٥]

وەکی بەهێ نیە وەك مەمکی یاربێ، خاڵێك لە بەیانیانا لەسەر سنگی کارێکی کردوە سپیەتی سنگی وەك ئێوارە وەختە تاریکی کردوە هەتا ستەفا سەر ئەنێتەوە هەر سەرگەردانی ئەو بەهێیانەیە.وە لە هۆنراوەیەکی کەدا ئەڵێت:-

پیری جێم سەندی پیری جێم سەندی
تابو تەوانا تاقەت جێم سەندی
جوانیم لوا تۆ وەجاش مەندی
بەردی بنچینەی بیساتم کەندی
تێش تابی ڕەفتار تیر ئاسای دووی دەو

٢٥- بەیان: بەهێ: مەبەست مەمکە. بەیان: دەمەو بەیان. بەیانەوە: بگەڕێنەوە.

چالاکی ڕەوان بی ئەندیشی شەو

هەڵمەتی ڕەفتار پڕتاوم کەردی

کەم ڕەفتو بێ زۆر بێ زاتم کەردی

باڵای ئەلف وار دەوەندەی دەوان

چەفتت کەردەوە چوون چەفتی کەمان

بینای دیدەی پڕنوری دووربین

وە تەم مەوینۆ فەرش جەرووی زەمین

گۆنای گوڵ ئەنار گوڵ سیمای گۆڵ ڕەنگ

بێ ڕەونەقت کەرد وێنەی سیای سەنگ

قەتارەی دوندان سافی سەدەف وار

کەلکۆرت کەردەن چوون کۆنە دیوار

سکەی وەش ڕەوەنەق سیای سەواد کار

سفید کەرد تاتا چوون بەرفی کۆسار

دڵ بیەن بە کۆڵ یەخ بەندی نسار

نە خەیاڵی عشق نە نیم نگای یار

ئەو نازدارانە پەسەند دیدەی وێم

مەوینا سکەم تەعنە مەدان لێم

مەواچان ئەر سەد دانە شناسەن

پیرەن بێ کەڵکەن پەی مەردەی خاسەن

کاریٚ پێم کەردی هیچ کەس نەکەردەن
ئاخر یاونای حاڵم وە مەردەن
تا کەی دڵ جە جەور جەفای خەڵاس بۆ
مساکنی خاك بۆ کۆتایی باس بۆ
سای سەنگی لەحەد سەنگ سەرای گڵکۆ
خاستەرەن جە زەوق هام نشینی تۆ[٢٦]

واتە:- باسی پیریوونی خۆی ئەکات وە ئەڵێ جوانیم ڕۆیشت پیری هاتە شوێنەکەی ئەی پیری لاوازت کردم بالآی ڕاستم وەك کەمان چەمیوەتەوە، بینابیم لێڵ بووە، دیمەنی ڕەنگین وەك تەم بەدی ئەکەم، گۆنای سووری سەرکوڵمم وەك بەرد ڕەش بوەتەوە، ددانە سەدەفە جوانەکانم هەموو کەلو کوێربوون، مووی ڕەشم وەك بەفری کوێستان خاڵ خاڵو خوار بووە، دڵم وەك سەهۆڵی لانەسار بەستویەتی ئەوەندە سارد بوەتەوە،بیرم لای نازداران نەماوە بەتایبەتی: ئەوانەی حەزم لێ کردوون، ئێستە تانەم لێ ئەدەن وە ئەڵێن با بڕوات. وە لە هۆنراوەیەکی کەەدا ئەڵێت:

شیرین زوڵف لول شیرین زوڵف لول
فیدای زوڵفت بام گا گرژەن گا لول
گاهیٚ پەشێوەن گاهیٚ گرنجەن
گاکا گرەبەند ملەمای زنجەن

[٢٦] - جیم سەندی: لێت سەندم. تاب: تەوانا. دەو: تیژ. چەفت: حوار. مدونیو: لەبینم: سفید: سپی. یەخ: سەهۆڵ یاونای: گەیاند.



PUBLIC

گا تاتان جەدەس گەردشی شەماڵ

گا خەفتەن ساکن نە دەوران خاڵ

قیبلەم چێش مەبۆ تایێ جەو زوڵفە

جەو زوڵف وەش بۆ لول سەر کڵفە

وزیم نەگەردەن عومری ویەردەم

تەجدید بۆ دەفعی هوناوان کەردەم[٢٧]

واتە:- پەرچەمت وەك زنجیر پەیوەندیان کردووم چی ئەبێ ئەگەرجارێك بیان ئاڵێنی بەگەردنما تا فرمێسکی خوێناویم وشك ببنەوە.

وە ئەڵێ:-

چڵێ نە پەنا چڵێ نە پەنا

چڵێ چوون ڕەقیب مدران نە پەنا

هۆرئامان مدران نە ڕوی تەمەنا

مەر بادی قۆرەت بدەرۆش فەنا

وەبادی قورەت لەتار لەتار بۆ

نمازۆ باڵای قیبلەم دیار بۆ

بسۆزۆ بە ئاه بازەدەی سەحەر

ڕیشەش جە زەمین باوەڕ وەبەر

تا باڵای قیبلەم چوون شەمعی خانان

بوینو وەچەم نە بەرزەبانان[٢٨]

[٢٧] –وزیم: بخەینە. سیا: ڕەش. چێش مەبۆ: چی ئەبێت.



PUBLIC

واتە: لقێك وەستاوە  بووە بە کۆسپە ناهێڵێ باڵای یارم لێمەوە دیاربێ ئەگەر بای قودرەت بیسوتێنێو لە بنا ڕیشەکێشی بکات، تا باڵای یارم وەك مۆمی دیوەخانەکان شەوق بداتەوە. لە هۆنراوەیەکی کەدا ئەڵێت:

چراغ قوربانەن.. چراغ قوربانەن

چراغ ها فەصلی جەژنی قوربانەن

زەمزەمەی تەوحید ڕای حاجیانەن

قوربانی قوربان ئەمری یەزدانەن

ئەر تۆ نەداراو مسکینو دەروێش

گشت کەس مەکەرۆ قوربانی پەی وێش

تۆش سا من بەرە پەی قوربانی گا

سەرەی من برە وەك ( خلیل الله )

تیغێ بێ درێغ بنیەم نەگەردەن

جاڕدە وە شاردا قوربانیم کەردەن

منیش بەو قوربان زۆر منەت بارم

قوربانی قوربان باڵای دڵدارم[29]

واتە: بە یار ئەڵێت کاتی قۆچ کردنەزۆرم پێ خۆشە بمکەیت بە قۆچ، وە جاڕبدە بە هەموو لایەکدا وە بڵێ قوربانیم کردوە.

---

[28] ...ـدران: وەستاوە. نمازۆ: ناهێڵێ. بوینو: ببینم.

[29] چراغ: یار. نەدارا: گەدا. مەکەرۆ: ئەی کات. بنیەم: بمخە.بەرە: بیە.

**دیسان ئەڵێت:**

قیبڵەم وە شەو بۆ قیبلەم وە شەو بۆ
مەیل کەرد جەستەم شەویٚ وە شەوبۆ
ئەر نەدامەتم شەوبۆت وە شەوبۆ
تا دڵم ساکن وەبۆی شەو بۆت بۆ
نە ماچان شەوبۆ وە سەر نساران
شەوبۆش ببەخشۆ پەی دەردە داران
قیبلەم وە تۆوە ڕەنگ شەوبۆت بنمانە
جاریٚو بە شەماڵ شەوبۆت بکیانە
ئەر بە شەماڵ بۆ دووری وڵاتم
شەوبۆت بکیانە سەد خەجاڵاتم[٣٠]

واتە: پەرچەمی یار کە وەك شەو بۆ بۆن خۆشە داوای لیٚ ئەکات کە نزیك بکەویٚتەوە و بۆنیان بکات تەنانەت ڕازیە بە شەماڵدا بۆنە خۆشەکەیان بۆی بنیٚریٚ. دیسان ئەڵیٚ:

کەم خزمەتیم چیٚش کەم خزمەتیم چیٚش ؟
ئاخ من بزانم کەم خزمەتیم چیٚش ؟

---

٣٠ – شەوبۆ: گوڵیٚکی بە نەوشەیی یە بە شەوا بۆنی زیاترە. بکیانە: بنیٚرە. بنمانە: بنوێنە. جاریٚو: یەك جار.

جه چێش خاترن جه مەن کەردەن ڕێش ؟

ئەگەر دیدەم بۆ کۆرکەر و پەرێش

واتە: لە چی کەم و کوڕیم هەیە بۆچی دڵت لەمن سارد کردوەتەوە؟ ئەگەر چاویشم بێ داوام لێ بکەیت بۆت کوێر ئەکەم.

وە ئەڵێ:

شەوەن خەڵوەتەن ماڵی بێ ئەغیارەن

ئاڵەم گردوتەن دۆس خەبەردارەن

وە دیسان ئەڵێ:

گیانە لە پڕخەی خەوی خاومدا

پێ بنێ وە بان هەردوو چاومدا

مەڵێ برژانگ تیژە وەك چەقڵ

ئەچەقێتە پێت نازك تر لە گوڵ

بەبرژانگی تیژ بۆیە خۆشحاڵم

خاکی بەردەرگای تۆی پێ ئەماڵم

هەرچەندە تیژیش بێ بۆ پێی تۆ نەرمە

بۆ تێ هەڵچونی بەرپێت دڵ گەرمە

سا فەرموو پێ یەك بنێ سەر دیدەم

ئەو دیدەی بێ تۆ کەس پێ نەدیدەم

ئەگەر نەقشێکی غەیری تۆی تیابێ

خوایە کوێری کەی بام نا بینابیٚ

کە پێت هەڵبڕی سەیر کە چەند جوانە ؟

بە خوێنی چاوم خەنە بەندانە[٣١]



## دیمەنێك لە هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

[٣١] – لەم پارچەیە وەرگێراوی لەسڵە هەورامیەکەیەتی.

# حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی

## ( ١٨١٥ - ١٨٨٣م )

ناوی ( ئەحمەد کوڕی عبد الرحمن ) ە ، وە لە دێی نۆدشە لە دایك بووە، باوکی لە سەردەمی بابانەکاندا، لە سلێمانی موفتی بووە، وە گۆڕی پیرۆزی، لە گردی سەیوانە.

مەلا ئەحمەد کە بە حاجی مامۆستا بەناوبانگە لە دەریای زانستیدا مەلەوانێکی بێ هاوتا بووە، زۆر لە مامۆستاکانی پێشوو ئیجازەی خوێندنیان لەلا وەرگرتووە، وە خۆی لە لای مەلای (خەتێ) ئیجازەی وەرگرتووە، دانراوی زۆرە لەوانە لە عیلمی (نحو) دا دانراوێکی هەیە کە قوتابیان ئەی خوێنن بەناوی ( ظرفی حاجی مامۆستا ) وە لە شاری سنە کۆچی دوایی کردووە لە تەپی شێخ حەمە باقر نێژراوە، بارەگا و گومەزی هەیە، کە مەزارگەی خەڵکی ئەو ناوەیە تا ئێستاش قورئانی بەسەرەوە ئەخوێنرێ بەپارەی وەقفی تایبەتی خۆی. لە هۆنراوەدا دەستێکی باڵای هەبووە، لە هۆنراوەیەکدا ئەفەرموێت:-

کورەی دڵ چمان جۆشش وەردەوە
کەم کەم بێ هۆشی هۆش وەردەوە
ئەسرین هەم تاف بەست وەڕووی ڕوومەدا
طفل ئاسا مەدۆ وێش وە بوومەدا

بەختم سیاپۆش ێیخە پارەشەن
شەرارەی نالەم شووم ستارەشەن
لەرزەی دڵ جە شەوق پێکیانی پەیکان
دڵ خاس بە پەیکان نە پەیکان پەیکان
زاهیر هەم فەلەك کەڵەك بەستە بۆ
دیسان دڵ بە تیر دووری خەستە بۆ
دووری ئەو دوڵبەر چە گیان سووروشتە
دیدە بە سوورمە بەختی من ڕەشتە
قامەت سەروی ناز جەمەی نوور ئاودا
نگاش دیدەی عەشق نیدای وە خاودا
گیسوو دڵی شێت لێش گەردەن تاثیر
جەو پەی پەی پای یاد بیەن بە زنجیر
یاخۆ مە ذاقش یەکیٚ وجوودەن
ڕەمزش ئەو مەقام فەناو شهوودەن
جەمین مەدرەوشۆ بەینی حەیتاران
چوون وێنەش نە تۆی دڵەی غەم باران
تورەش وێنەی ڕەنگ خەیاتەی خامەن
یا ڕیشەی ئەروای بەختی سیامەن
خەم دان بە قامەت نەکەمین گای دڵ



PUBLIC

ئەبرۆش چوون سەیاد نە سارای جنگڵ

دیدەش پەڕ – پەڕ مەی سەحیح بیمارەن

ئەویچ مەر زەدەی نیم نگای یارەن

بینی خەتی نوور خۆرشید لەت کەردە

گۆنا وێنەی بەدر ڕەنج ئەنگوشت بەردە

لەب شەفاف تینەت هەوەس نۆشای هوون

مەنمانو نە چەم ڕەنگش لالە گوون

دەهەن نوختەی خەت شۆڵەی لۆلۆی تەڕ

ددان خۆ بەردەن ڕەونەقی گەوهەر

زنج جە سەردی دڵ، دڵسەردی دڵبەر

ئاوی حەیاتەن ڕچیان مودەوەر

گەردەن شەمعی نوور سافی بێ گەردەن

تاریك یانەی دڵ پێش ڕەوشەن کەردەن

باز و سیمی خام پەنجە ڕشتەی هوون

ناخون ناخنەی دیدەی دەهری دوون

لیموش نەخشی زنج کەردەن تەخەل خل

نە تۆی سینەی ساف وێنەی پەڕەی گوڵ

جە ئامۆشۆی زنج وە ڕاسو چەپدا

دوو نەخشێش تێدا بیەن هوەیدا



PUBLIC

میان چەنی موو دوو کوت کەردەن موو

موو موو ڕاست مدران چ رخاس چەنی موو

نافش خۆ بۆ بێز نافەی غەزالەن

چە ناف تازانوو دەرکش مەحاڵەن[٣٢]

واتە: کورەی ئاگری دەرونم بەجۆری کڵپەی لێ هەڵساوە هۆشی لێ بڕیوم، تاڤگەی فرمێسکم کە دێتە خوارەوە کارێکی بەدڵم کردوە وەك منالْ لەنا[و] خۆڵا ئەتلێتەوە.

بەختی ڕەشم پێخەی خۆی دڕیوە، ئەستێرەم تاریکە، دڵم هاتوەتە لەرزی[ن] لەترسی تیری یارەوە، چەرخ لەگەڵ من بە چەوتی ئەجوڵێتەوە، خە[و] زڕاوە پەرچەمەکانی زنجیریان کردووم، پشتم کۆماوەتەوە، برۆکانی وە[ك] کەمانی ڕاوچی کاریان تێ کردووم، دەم وچاوی پیاو سەرخۆش ئەکا[ت] لووتی ڕومەتە جوانەکەی کردووە بە دوو لەتەوە، لێوە ئاڵە جوانەکان[ی] هەوەسی نۆشینی خوینم ئەکەن، خۆشیان وەك گوڵی سوور ڕەنگین[ن] دەمی وەك بە پێنووس کێشرابێ وەك لۆلۆی تازە تەڕ و پاراوە، خ[ۆ] دانەکانی نرخی گەوهەریان نەهێشتووە، زنجە خرە جوانەکەی ئاو[ی] حەیاتە بە هۆی ساردی دڵیەوە بەستوویەتی، گەردنە بێ گەردەکەی ماڵ[ی] تاریکی پێ ڕوون ئەبێتەوە، بازووی وەك زیو سپیو جوانە، پەنجەکانی ب[ە] خوێن سوور کردەو، نینۆکی گیرکردووە لە دەم و چاوی زەمانەی دوون[ی]

---

٣٢ -چمان: بەجۆری. پارە: لەتکردن. بووم: زەوی کەلەك: چەوتی. سورمە: کلە. خاو: خە[و] جەوپەی: لەوکاتەوە. پا: قاچ. لۆلۆی تەڕ: لۆلۆی تازە. دەهەن: دەم. شۆلە: ڕووناکی. پەیکان: تی[ر] پیکان. پێکاویەتی. چەپەیکان: لە کانگەدا.

...ی نرخ. که سەیری سنگی وەك بلووری ئەکەیت ئاوێنەیەکە، خاڵەکانی ...زنجی بەسەر مەمکیەوە خاڵ خاڵ دیارن بەتایبەتی دوو خاڵەکەی - گۆی ...مکی دوو خاڵەکەی زنجی ئەون. که وەك ئاوێنە تیایانا دیارن، باڵای ...ومندە باریکو ڕاستە موو ئەکا بەدوو لەتەوە کاتی واهەیە موو خوار ...بێت بەڵام باڵای ئەو ڕاست و شۆخ و شەنگە. دیسان ئەڵێت:-

وادەی نووسیویل داران ڕشتەن

فەسڵی نەوپایز وارانی وەشتەن

دووره سۆ ئامای کۆنە داخانەن

فەسڵی تەم گیری کۆهو زاخانەن

هوونەی سەیلی هوون جه سەرچەمەی چەم

کڵپەی شوورەی نار ناڵەی کوورەی دەم

پەڕکەردەن شەتاو تاوانی گەردوون

سۆچنای شەخەڵ ژیای دنیای دوون

تەمی غەم نەسەر سەر کلاوەی دڵ

چەترەن پەری عەکس جەمین پەرەی گوڵ

سەفحەی گۆنای زەرد ڕەنگ جە خەزان بەر

باڵای خەم کاڵان نەڕەزان بەتەر

سەردی هەناسەی ئێلاخەی دڵ

وتەی سیاکار بەختم جە سەرچڵ

قازی سەر شێویای ناڵەی بێ ئەسەر

ئەسەر وە بەد عەكس ئاواو دڵبەر

لازم كەردەن لێم فەسڵەكەی پاییز

دوور وستەن وەهار وەسڵەكەی ئازیز

قیبڵەم هەر كەسێ چوون من ماتەمەن

وەهارش پاییز، پایزش غەمەن([٣٣])

واتە:- باسی ماتەمیو بیری خۆی ئەكا كەوا خەریكە پایزی عومری هاتووەتە پێشەوە، وە ئەڵێ: ئەستێرەی گەنجیم بەرەو ئاوابوون ئەڕوات. وەك پایز دڵی مرۆڤ تاڕادەیەك غەمبار ئەبێت باران نمە نم دێتە خوارەوە. درەخت گەڵا خەزان ئەكات ئەویش خۆی لەووینەیەدا، سەری بەرەو سپی بوون ئەچێ و چاوەكانی ئاو ئەكەن، وە ئەڵێ غەم تەوقەسەری دڵی گرتووە، هەناسەم ساردە، باڵام چەمیوەتەوە بەختی ڕەشم نیشتووە وەك قاز چوون لە بۆرانا سەری لێ ئەشێوێت تازە وەرزی بەهارم ڕۆیشت پاییزی پیری دایگرتم.

دیسان ئەڵێ:

چەندە پێم واتی های دڵەی غافڵ

حەقی حەقیقی ( اضافی ) ( باطل )

پەردەی ئەو جەماڵ ( مطلق جه اطلاق )

ئاوێنەی عكوس میراتی ئافاق

---

[٣٣] -وادە: كاتی. واران: باران. سۆ: تیش. سەبلی هوون: لافاوی خوێن. چەمە: سەرچاوە. چەم: چاو. سۆچنان: سوتاندویەتی. وڵەی: نووسان. وستەن: خستویەتی.

بۆ بە بای مراد نەشئەی سافی مەی
بە یاری مەلاح سۆزی لافی مەی
کەشتی غەرقەکەت نە گیجاوی دەی
یاونە ئەو ساحل ئی بەحری بێ پەی
شاخەی تافی ساف سەرچەشمەی هەستیت
هەوا کەللەی تەبع هەوا پەرستیت
با کەرۆش کۆتا کڵپەی کورەی دڵ
شەرارەی سەبوون چۆڵەکەی مەنزڵ
تۆ بەتەر دامان عسیانت تەڕ بی
وێنەی بەد بەختان ئاخرت شەڕبێ
هیچ نەبیت وە تەنگ ڕۆژی ڕۆی فەردا
ئەمجا تا تاوی بدە وە سەردا[٣٤]

واتە:- حاجی مامۆستا گلەیی لە دڵی خۆی ئەکات وە ئەڵی زۆرجار ئامۆژگاریم کردی ڕێگای ڕاست جیابکەرەوە لە ڕێگای چەوت وەرە بە نیازی ڕاستیەوە، کەشتی تاوانت کە خەریکە نوقم ئەبێ، لەم گێژاوەدا ڕزگاری کەو بیگەیەنە ئەوبەر واز لە خۆپەرستی بهێنە، تۆ وادیارە ئاخر شەڕی مەگەر لە ڕۆژی دواییدا هەر بەسەرتا بدەیت.

[٣٤] حەق: ڕاستی. یاونە: بگەیێنە. باطل:پوچ. ساحل: کەنار. مەلاح: کەشتیەوان. بەتار:زیاتر.



PUBLIC

# دیمەنێك لە هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان





PUBLIC

# مەلا خدری ڕواری[٣٥]

مەلایەکی زانا، ئەستێرەیکی گەش بووە، بەسەر ئاسمانی ناوچەی هەورامانەوە، خواپەرستییکی ڕاست بووە، وە زۆر کەس بەهرەمەند بوون لە زانایی و پەندەکانی.

مەلا خدر لە نەتەوەی شێخ نعمەاللە ی وەلی بووە. پەڕاوی پڕ سوودی زۆری داناوە لەوانە ( ڕۆلە بزانی ) و ( دەولەت نامە ).

لە یەکێك لە هۆنراوەکانی دەولەت نامەدا ئەڵێت:

بیٚ یانەی خاسا نەك یانەی پڕ دەنگ
بیٚ پالأی خاسا نەك پێڵاوی تەنگ

وە لە لایەکی تردا ئەڵێت:-

عیلم چوون درەخت عەمەل سەمەرەن
عیلمی بیٚ عەمەل باغی بیٚ بەرەن

وە ئەلیٚ:-

عیلم جە دوار عەقل جە پاوە
نووتیٚ ئەسپەرێز هەریٚ جەناوە

---

[٣٥] ڕوار: دێیەکە ٣٥ خولەك لە دێی هەجیجەوە دوورە.



PUBLIC

لێرەدا  چۆنیەتی ئەو ناوچەیە ئاشکرا ئەکات وە ئەڵێ ڕوار سەرچاوەی خوێندەوارییە،پاوەیی بە بیر و هۆشن، خەڵکی دێی (ئەسپەریَن) دڕندە و چەوتن خەڵکی دێی ( ناو ) ساوێلکە و نەزانن.

وە ئەڵێ:-

(گەردەڵە) مەچڕونو ( گەردە میان)

(چەپی دۆڵ) وەشا (هۆبە) و زۆمیان(٣٦)

بەم هۆنراوەیە مشتومڕی خەڵکی ئەسپەرێز و زۆم چارەسەر ئەکرێ چونکە لەسەر هەوارگەی (چەپی دۆڵ) ئەکەونە لای دادوەر ( قاضی ) هیچ کامیان بەڵگەیان نابێت کە ئەو هەوارگەیە لە کۆنا هی کام دێ بووە پیرێژنێکی بەساڵاچوو دێ دەڵێ من ئەم هۆنراوەیەی مەلا خدرم لەبەرە کەوا ئەگەیەنێت چەپی دۆڵ لە کۆنەوە هی دێی زۆم بووە.

وە دیسان ئەڵێ:-

زەمانەی ئەندەن ، زەمانەی ئەندەن
قاپی شەر گوشاد دەری خەیر بەندەن
ئی دوو ڕۆژی عومر باقات مەندەن
ئەویچ فانیەن ئاخۆ تا چەندەن
تەوری دەستی دەور جە ڕیشەش کەندەن
های پێدارۆ بن ئاندەش نەمەندەن

٣٦ -لەوانەی لەناو کەوانەدان هەوارگەن.

ئەگەر کەیخەسرەو جەمشید جام بی
چوون قەیسەری ڕۆم خاوەن سپا بی
ئەگەر پادشای عالی جەنابی
ئەگەر کەیکاوس ئەفراسیابی
ئەگەر سلیمان ئەر سکەندەربی
ئەر خاقانی چین ئەگەر سنجری
ئەر چوون حەکیمان خاوەن دەوانی
ئەگەر پادشای فەرمان ڕەوانی
ئەر چوون شای مەردان فەتحت بەدەسەن
ئەر پشتیوانت سەد هەزار کەسەن
ئەر یوسفەنی بە حوسنو جەماڵ
ئەگەر قارونی خاوەن گەنج و ماڵ
ئەگەر ڕۆستەمی سەهمت سەهم ناك
ئەسڵت جە خاکەن هەم مەبی بەخاك
ئادەم تا خاتەم جەی دنیای پڕ دەرد
فامێوە کەردی کێ بێ کێ نەمەرد ؟
فامێوە کەردی بە فکری باریك
ئی دنیای ڕۆشن لێتان بۆ تاریك[٣٧]

[illegible] مەبەستی فەرموودەی پێغەمبەرە کە ئەڵێن فەرموویەتی ( هەزار و ئەوەندە دنیا دوایدێت).
[illegible] دەرهێناوە. سنجر: پاشایەك بووە. فامك: هۆش.

واته:– دنیا پڕو پوچه ئەگەر مرۆڤ شا بێ یا گەدا، دەوڵەمەند بێ یا هەژار، ناشیرین بێ یا جوان، لە ئەنجاما ئەمریت و ئەچێتە ژێر گڵ. وە ئەڵێ نارەوایی پەرەی سەندووە و ڕاستی لە ژێرەوەیە. وە حاجی قادری کۆیی ئەڵێ دەربارەی مەلا خدر «وەك مەلا خدری ڕودباری نیە+شیعری ئاوی حەیاتە تاڵی نییە» وە مەلا خدر ئەڵێ (تاقڵە و تەشابی ) مدیورەبێلو ئاخو سالیوتەر چەرخ چەنی گێلو) (تاقلە و تەشابی) دوو گەورگی خۆشن(بێلو) سەرچاوەیەکە کە ئەو دوو گەورگە بەسەریا ئەڕوانن وە ئەڵێ ئاخۆ ساڵێکی تر دنیا چۆن ئەبێت.



دیمەنێك لە هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



PUBLIC

# میرزا شەفیع

## ( ۱۸۳۵ – ۱۷۸۵ )

میرزا شەفیع هەڵبەستەوانێکی بەناوبانگە هۆنراوەی بە شێوەی هەورامی زۆر بووە. بۆ نموونە هۆنراوەیەکی ئەنووسین.

**لە هۆنراوەیەکیاندا ئەڵێت:**

نگای جامم کەرد نگای جامم کەرد
یەك ڕۆ چە تەقدیر نگای جامم کرد
سیاوو چەرمەم شناسامەوە
شیم وە تاسی مەرگ هەم ئامامەوە
نە دڵ هۆر کێشام هەناسانی سەرد
موو چوون ماران گاز نە کەللەم باد بەرد
پەرسام ئەری هەی تار بێ وادەی ڕەشتە !
هەوای سەردو گەرم ڕۆزگار نەچەشتە
پەی چێش تۆ جە خەوف حەق نمە تەرسی ؟
هەیما خۆت ساڵت نەیاوان بەسی
تار وات ئەحواڵی سفیدی ڕەنگم
مەر من جە تۆ نیم جە سیاسەنگم



PUBLIC

ئەوسا تۆ کەماڵ شایی و زەوقت بی

ڕۆ جە ڕۆ ئامای پێستەر شەوقت بی

قولەی قەڵای دڵ نەگر تەبێش تەم

ڕۆشن بێ چوون جام جهان نمای جەم

سەروەش مەگێڵای بەکاوانەوە

هیچ نمەپەرسای جە شیاو خانەوە

فەڵەك پەی خەمان من پەسەند کەردەن

سەرتاپای تەنم وەخەم پەروەردەن

غەم شیەن نە تۆی مەنزڵگەی شادیم

هەر غەمەن مەیۆ موبارەك بادیم

دڵ بی وە بۆ تەی مەنزڵ خانەی خەم

سەد قافڵەی خەمان تێدا گرتەن جەم

ڕیشەی موو چەنی ڕیشەی دڵ بەندەن

بۆچی میسکم دان کافورم سەندەن

[شەفیع]  مووی سفید ڕوسفیدەیتەن

هەرچەند نیشانەی نائومێدی تەن[٣٨]

[٣٨] – نگا: سەیر. جام: ئاوێنە. سیاو: ڕەش. چەرمە: سپی. تار: کاتی سەوەید ڕشتن. پێشتەر: زیاتر. سەروەش: سەرخۆش. بۆتە: جێگای تواندنەوەی زێڕ.

واتە: میرزا بەرەو پیری ئەڕوات وە ئەڵێت: ئەی تار کەی کاتی ڕشتنی مووی منت بوو کە زوو سپی بوو؟ ئەویش ئەڵێت تۆ ئەوسا لە کامەرانیو خۆشیدا سەرلوتکەی دڵت تەم نەی گرتبوو، بەڵام ئێستا بەهۆی داخی زەمانی پڕ و پوچەوە وە چەرخی چەپ گەردەوە تازە بەتەمای چیت. وە ئەڵێ بووم بە کاروان سرای غەم لەشم بە غەم پەروەردە بووە، ڕیشکی مووم بە ڕیشکی دڵەوە بەندە بۆیە مووی ڕەشم کە وەك مسك بوو، داوەمە بە کافوری سپی کە ڕەنگی تازەی ڕیشە.

وە دەربارەی بێزاری:

سپای غەم هجوم ئاوردەن ئیمشەو
ئەساسی شادیم گرد بەردەن ئیمشەو
تاڵ بیەن یەکسان ئەوقاتم ئیمشەو
سەبرم سۆچنان گشت وەهەم ئیمشەو
تاکەی قامەتم خەم وەردەی غەم بۆ ؟
تاکەی دەروونم وەغەم ماتەم بۆ ؟
سەڵتەی سیای غەم تاکەی نە دۆش کەم ؟
هەڵقەی ئیشی غەم تاکەی نەگۆش کەم ؟
تاکەی ڕوخسارم چەنی داخ ودەرد ؟
بگێڵۆ وە ڕەنگ زەعفەرانی زەرد !
وەی کزی دەروون هوون و هانام بۆ
هانای دەردی سەخت کەس نەزانم بۆ

فەڵەك دەردی دڵ جەفای غەم تاکەی ؟

پای شکستەو لەنگ ڕای ستەم تا کەی ؟

بەرقی تیغ جەور ڕۆزگار تاکەی ؟

وارای سەیلی هوون هەوری تاو تاکەی؟[٣٩]

واتە:– میرزا ئەڵێ بەجۆرێ غەم بارم، بنچینەی شادیم ڕوخاوە، لە پاشا ئەڵێ تاکەی ئەی فەلەك خوێناو بە چاوما لافاو بکات جەفاو ئێشو ئازار بکێشم کزەی دەرونم ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە بسێنێت. غەم پشتی چەمانومەتەوە، وەپەکی خستوم.



دیمەنێك لە هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٣٩ – لاوەردەن: هێناوبەتی، سۆچنان: سوتانوبەتی، بوازون: بخوازم، وارای:بارینی بەردەن: بردویەتی، تەدۆش کەم: لەبەرکەم، بگیلوو: بگەڕێم.

# عبدالله بەگی هەورامان

## ( ١٩٤٤ - ١٨٧٩ )

ناوی عبدالله کوڕی حمە شفیق بەگ، لە بنەماڵەی بەگ زادەکانی حەسەن سانی هەورامانی تەختە، لە ساڵی ١٩٣٠ بەفەرمانی شای ئێران، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، لە بەندیخانەی ئەسفەهان ماوەی ( ١٠ ) دە ساڵ بەندکراوە ، زۆربەی هۆنراوەکانی لە بەندیخانەدا وتونی.

لەم هۆنراوەیەدا باسی خەوێك ئەکات کە لە بەندیخانەدا وتوویەتی:

یاران هام سەران ئیمشەو خاوێ دیم
جەزیندانی تار عەجەب خاوێ دیم
ئازادی وەتەن هەورامانم دی !
ئیلاخانی چۆڵ کۆسالانم دی !
وەنەوشەی وەشن بۆ چنوور جە هەردان
ئامانە خاوم پەی بارو دەردان
ریحان پەلش دێز شەست پەر جە باخان
سۆسەن و نەسرین شەوبۆی ئیلاخان
بەرزەڵنگ جەکۆ چنوور جە کاوان
سەوزیو مێرغوزار هارەی بەفراوان



PUBLIC

چەنی هام سەران نیشتەبیم وەشاد

بە کەیف و ئاهەنگ غەم مەدام وە باد

گۆش بە سەدای ساز چەم بەنگاوە

جە قاوەخانەی ڕای کەمالاوە

لێو بە پیاڵەی عەقیق ڕەنگەوە

گاهێ پڕ بە شەوق گا بە خەندەوە

گاه نگای کۆسارِ بەرزی ئیلاخان

کانگای خەزان، گا نگای زەردان

جەی عیشو نیشات جەی خەوی بەتاڵ

زیندانیم ئەسلاً نامان بەخەیاڵ

هەر پاسەم زانان وێم شەهریارم

چەرخی کەچ کردار نەدان ئازارم

پاسەم مەزانا شای خاوەن بەختم

نەزانام مەزلووم حەپسی بەدبەختم

وەخێو بێدار بیم تەماشا کەردم

ئاژان و زیندان نەزەر ئاوەردم

چەندە مە مەدهۆش بیم تەواسامەوە

عەقلو فامو هۆش نەمەن لامەوە

سەد موقابیل بی باری خەمانم



PUBLIC

وە سۆ ئاماوە سۆتەی زامانم

غەیر جە ئێش و ئێش جەفای ڕۆژگار

هیچ سودیو جەفا و نەدیم جە ڕوووی کار

زامی کۆنە و نۆم تازە کەردەوە

( زار زار مەنالام وەدەم دەردەوە )

یارەب هەرکەسێو کەرۆش ئەهات بۆ

زام زەمدی تەقدیر ڕووی سەربیسات بۆ

کەشتی نگینش هەر سەرنگونەن

نە گێجاوی گێج روودی جەیحونەن

مۆرەی ئیقبالْش دووشەش ئاوردەن

چەنی بەدبەختی مامەڵەش کەردەن

خورد و خۆراکش ژاراوی زەردەن

خاوی شیرینش هەر ئێشو دەردەن

یا ڕەب بە حاجەت ڕەسولی حەبیب

خاکم غەریبم نەکەری نەسیب[٤٠]

واتە: لەم هۆنراوەیەدا ئەڵێت لە زیندانا لەخەوما وام ئەزانی کە ڕۆیشتومەتەوە بۆ ناوچەی هەورامان وە لەناو دۆستو برادەرا

---

[٤٠] - ئار: ئاریك. سۆ: ئازار. خاو: خەو. نیشتەبیم: دانیشتبووم. پاسەم مەزانە: وام ئەزانی ئازاد: حەیدەی زیندان.

دانیشتبووم، زۆر بەختیار بووم بەڵام کە خەبەرم بووەوە لەناکاوا خۆم ل
زیندان دی ، وە پاسەوانەکان لە دەورو پشتمان بوون، زامانی دێرینم
هاتنەوە ئێشو ئازار، وە دەست لەسەر ئەژنۆ دانیشتم. وە دەربارەی
کوێستانەکان لە هۆنراوەیەکی کەدا ئەڵێت:-

یادی گوزەشتەی هام فەردانم کەرد
کوردستان مەحاڵ هەورامانم کەرد
یادی گوزەشتەی هام فەردانم کەرد
سەیری سەر هەردان (کۆسالان)م کەرد
جایێ چوون (بەندەن) فەرەح سازم کەرد
جای نیشات ئەنگێر (دەرەویان) م کەرد
یادی تەماشای بەرزی خاسم کەرد
چەندێ تەواسام چەندێ تاسم کەرد
یادی خەیاڵی (دەمی هاڵ)م کەرد
تاکە (ساروخە)ی ڕووی ژیوارم کەرد
ئارەزووی (مەڵێن) (پیەن سەرم) کەرد
هەوارگەی ( بەدهۆ ) موعەتەرم کەرد [٤١]
یادی پاڵاوەژ ( سەکۆی سان ) م کەرد
قولەی ( پیر ڕۆستەم ) جەرگم بەر ئاوەرد

٤١ - ناوەکانی ناو کەوانە هەموویان ناوی هەوارگەن.

واتە:- لە زیندانا یادی ئەو هەموو هەوارگە ڕەنگینانەم کرد کە لەکاتی سەربەستیما لەویٚ ڕام بواردووە ، وە بەبۆنەی دووچار بوونیەوە بە خۆشەویستی کچێکەوە کە ناوی (نەباتیٚ) بووە ئەڵێت:

گا گریە و زاری مەنالاّم جە دەرد
گا جەفاکێشان هەناسانی سەرد
گا سەرمەستی عیشق بێزار جە یانە
گا شوکری دەرگای یەك تای یەگانە
گا دڵ وەشی دەرد فکر و خەیالاّن
گا شەیدای بالاّی شای سۆسەن خالاّن
دڵبەر هەر وە عەیش گوڵان وەهار بیٚ
بیٚ ئاگا جە حاڵ ئی بەندەی زار بیٚ[٤٢]

واتە: زۆرجار من لە ئێشو ئازار و دەردی سەری دا بووم بۆ یار ئەویش لە خۆشی خۆی نەئەکەوت وە بیٚ ئاگا بوو لە سەرگەردانی من.

*************

[٤٢] - مەنالاّم: ئەم نالاّند. جەفا: ناخۆشی. یانە: خانو. دڵ وەش: دڵ خۆش.



PUBLIC

# میرزا عبدالقادری تەوێڵەیی

## ( ١٩٤٩ - ١٨٧٣ )

ناوی عبدالقادر کوڕی حەمە یوسف کوڕی وەستا محەمەد پزیشك و
هەستیارێکی ناودار بووە هۆنراوەی بەشێوەی هەورامیو زمانی فارسی
زۆر بووە. بەڵام بەداخەوە کۆنەکراونەتەوە لە کاتی خۆیدا وە لە ساڵی
١٩٠٩ دا بەفرێکی زۆر باریوە هەر لە سەرەتاوە ئامۆژگاری خەڵك ئەکات و
ئەڵێ ئەم ساڵ ساڵێکی سەختە، دەست بە زەخیرەوە بگرن، ئەوەك لێتان
ببڕێ وە ڕوونی کردوەتەوە بەفرێکی واباریوە کەس نەیتوانیوە هیچ جۆرە
ئیشێك بکات:-

هۆنراوەکە:

تأریخ جە هەزار سێ سەد بیست و نۆ

تأریخی ئەم ساڵ جەلات مەعلوم بۆ

هەرکەس ماڵدارەن یا ڕزقش جەم بۆ

ئەکای جەوەهار ئەوزاحش کەم بو

ڕۆغەنو گەنم برنجی شاران

ئامادە کەردی بێ حەد و پایان



PUBLIC

بێ دەوڵەت دوو دەست بدە وەسەردا

پەلاسێو قایم بکە وەبەردا

بێ بە تۆز و گەرد بەڕووی هەوارە

شی پەرێ (شاهۆ) جە پشتی پاوە

پایتەختش بۆوست ئۆ (پەشتو ناو)ی

هاوراش کیاست پەی (سەڵوەکاو)ی

سا کە ئێد ئەژنی (دوو ختا نو خانی)

وات (هاڵێ) وڕا حاڵم بزانی

(خوڕ خوڕە)ی چڕیش (هانە شیروانی)

پەی ( قووڵۆ دمەی) خەبەر کیانی

خەبەر کیانی پەی (ملەوەردی)

(وەڵنەوەزانا) با خەبەر کەردی

واچە (زمناکۆ)ی ساکن بو پەی وێش

خەبەر بدۆنە بە هامسایی وێش



PUBLIC

(کریله) عاجز (ماکۆ)ن بێ دەنگ

بەرزی (داڵەهۆ) عاجزەن بێ ڕەنگ[٤٣]

★★★

موختەسەر وارا تا بیستی سەفەر

عالەم چ یانە نمەشی وەبەر

بەزازان عاجز جۆڵایان ماتڵ

کەوش دوران یەك سەر گشت بیەن خجڵ

چوارینەی کەوشی فەقیران دڕیان

هەلاجان بێ کەیف ژیکەمان بڕیان

دوو کەڵی یانە کاریوش کەردەن

پەنا بە ئەهلی جەهەنەم بەردەن

زیقەتێو ئۆناو وەحشیان کەوتەن

سەگان جە حەیبەت گورگان نەسرەوتەن

٤٣ – لەدوانەی ناو کەوانەکە شاخی بەرز و سەیرانگەن.



PUBLIC

# ئایەتوڵای مەردۆخی

ناوی شێخ محەمەد کوڕی شێخ عەبدولموئمن لەنەوەی پیر محمد - بابا مەردۆخەی هەورامیە.

ئەم زانایە لە زۆربەی عیلمەکاندا دەستێکی باڵای هەبووە بەتایبەتی لە عقاید، مێژوو،فەلسەفە هتد.... زیاتر لە ٣٨ پەڕاو و کتێبی داناوە وەك فەرهەنگی مەردۆخ، تأریخ مەردۆخ، ندای اتحاد، نسیمی استگاری هتد...

تا ئێستاش کە تەمەنی ( ٨٠ ) ساڵ زیاترە لەسەر نووسین و پەڕاودانان بەردەوامە، هۆنراوەی بەشێوەی هەورامیو بە زمانی فارسی زۆر وتووە بۆ نموونە ئەم هۆنراوەیەی کە لە وەڵامی دکتۆر سەعید ناوێکی هەورامی نووسیوە کە پەڕاوێکی بەناوی (نزانی - مژدە) ناردوە بەدیاری بۆی.هۆنراوەکە:-

ئارامی دڵەی پڕ جەخارەکەم

دەرمانی دەروون پڕ ئازارەکەم

نامەی نزانیت وەلای من یاوا

بۆ سام و نە رووی دوو دیدەم ساوا

یاوا وە سەردەم کوشتەکەی تیرت

مەڵهەم دا نەزام خەستەی زنجیرت

یاسای دڵداریت بەجا ئاوردەن

بۆچك نەو ئەزیەت پاوەجیٚ کەردەن

ویرە گوڵ شیرین شەکەر ڕیٚژەکەت

واژەی گوڵ قەشەنگ عەبیر بیٚژەکەت

نە دڵیٚ سەد دڵ فریشتەش مەبۆ

هەزاریٚ وەك من شیفتەش مەبۆ

گلەی دڵەکەت جۆش ئاوەردەبیٚ

کزەی دوریەکەت قسە کەدەر بیٚ

من خۆم کەم زوخاو چەپ گەردم وەردەن

ئەم جار ئەم کزە سامان ساش کەردەن

دیٚوناتۆ دووری کوورەی دەروونم

کولناتۆ زامان دڵەی پرهوونم

من جە دووری تۆ دڵم پر دەوەن

ویٚرەو ، وژارەم جە هەردوو هەردەن

هەرسا دیم وەچەم نەوهاڵ باڵات

کارەبام یاوا وەلاڵ ناڵات

دیسان دیمەوە گۆنا زەردەکەت

بۆسام دەردانە قەتران وەردەکەت

ئانە ڕۆ جەژن شادمانیەن

ئانە نەو وەهار زیندەگانیەن

وەرنە ئیسە من هوونی دلْ وەردە

گیانم سەنگین بار تەن خەزان کەردە

جەرگم وەمەودای زانا بیەن ڕیش

پی دەرۆ ئازیز نزانیم پەی چێش[٤٤]

واتە:- لم هۆنراوەیەدا مەردۆخ بە دکتۆر سەعید ڕائەگەیەنیٚ وە ئەڵێت بە گەیشتنی نامەکەت لەگەڵ پەڕاوی (زامانی) زامی دێرینم کولانەوە، من لە دووری تۆ زۆر زوخاوم چەشتووە، بەڕاستی پەڕاوەکەت بریتیە لە وێژەو ووشەی ڕەنگین، وە نامەکەتم خستە بان چاوم بەلاّم من کە دڵم خوێناویە وە پەرێشانم بەم دەردەوە نزانیم بۆ چیە ؟

---

٤٤ - حار: درك. نزالی: ناوی کتێبە. باوا: گەیشت. وبر: بیر: هۆش. واژە : ئەدەب. قەشەنگ : ...ژیهاك دەونەت. ئالۆزالت. سامان سا: پەرەی سەندوە. هەرسا: هەرکاتێ. ئەوهاڵ: ئەمامی تازە ...ووارە

# میرزا عبد القادری پاوەیی

## ( ١٩٠٧ – ١٨٣٤ )

میرزا عبد القادر بوێژ و هەڵبەستەوانێکی ناودار بووە لەپاوە لەدایك بووە، هۆنراوەی بە شێوەی هەورامی و زمانی فارسی زۆرە[٤٥]، لە یەکێ لە هۆنراوەکانیدا کە لەگەڵ شنەی شەماڵدا گفتوگۆ ئەکات ئەڵێت:–

شنۆی سەحەر خێز شنۆی سەحەر خێز
شنۆی سەرکاوان نەسیم سەحەر خێز
وەهار وە ڕەونەق زمسان وە بێز
مەحرەم وە خەرەم سەرای شای پەروێز
شانای تای توغرای زوڵف تەتاران
هام زراو هام دەرد دیدە خوماران
دەوای ئێشو زام دەروون پڕ دەردان
هام شەریکی دەرد هەناسە سەردان
سا دەخیل شەماڵ تاقەتم تاقەن
دڵ نەمەوجی گێج سەودای فیراقەن
جەستەی پەشێو حاڵ شادی بەتاڵم

٤٥ – دانەری داستانی ئاسمان و زەمینە بە جوانترین شێوە.

پەی دووری ئازیز ویرانەماڵم

تا ئەڵێ:

یا وای ( زاوەڵێ ) ساتێ بناڵە

جە تەن خوایی من پەی کۆی ( قەزاڵە )

سەوزانی لەیلاخ دیارەن جە دوور

(کەڵی عاشقان)، (زەڵم) و (شارەزوور)

زویری پارچەی وەیسی یەمەن ماڵ

قولەی پیر ڕۆستەم (هەبیت) و (ساراڵ)[٤٦]

تو خوا نگا کەر چ خاس دڵ گیرەن

چاگە ویەردی شەماڵ بێمیرەن[٤٧]

جە بێمیر بەرشیت (هەوڵی) و (سەراو)ەن

سەرمایەی صحت حەیاتی پاوەن[٤٨]

دایم ئارامگەی جەرگەی یارانەن

---

[٤٦] - لەوانەی کە لە کەوانەدان ناوی چیای بەرزن.

[٤٧] - بێمیر: هەواری خەڵکی پاوەیە.

[٤٨] - پاوە: شارێکی زۆر جوان و ئاوەدانە بەناوی (پاو) سەرکردەی یەزدجوردەوە ناونراوە کە لە دەوروبەری ٣٠ کۆچیدا هاتووە بۆ ئەو ناوە.

جای عەیش و نیشات چەم خومارانەن

نازك خەیاڵان پاسەشان واتەن

(هەوڵێ)[٤٩] كەوسەرەن ڕووی سەر بیساتەن

ساتێ ساكن بەر ئەم جار وەڕاسی

مەبۆ تۆ قیبلەم بەی تەور بشناسی

جەودما ماوەر عوزر و بەهانە

نامش وە شەش حەرف نەی فەردە زانە

پەری دەستورەن مەلائیك زادە

خاوەن سپاو سان تەمام ئامادە

عەنبەران سەف سەف چنووران چین چین

گەردەن وە پەرچین دائیرەی جەمین

گێسو چوون كەمەند قەترانی زەنگی

چوون هەڵقەی ئەرقەم هەژدەهای جەنگی

دوو دیدەی مەخموور ڕشتەی ئیلاهی

مەر چەرخنای چەم شابازی شاهی

٤٩ - هەولی: هەوارێكی تری خەڵكی پاوەیە.

گوناش گوڵی سوور تامانش نەخەو

مەگەر ڕشتەی باڵ لەعلی کەیخەسرەو

دەم غونچەی نازك خۆش بۆی خۆش عەبیر

زنجی تۆپی زەڕ هۆرکەندەی کشمیر

گەردەن چوون بلوور ئاینەی بێ گەرد

جای تین چون ئاوی حەیاتەن پەی دەرد

سینە سینەی بەت لای چین ئاوات

پەرەستۆی نازك نەرمی سەرکاوان

بدیە ئەر خۆرشید کەم کەرد شوعلەی خۆر

ئانە ئەوجە بورج خاوەر کێشان سەر

دەخیل نەگنۆت سەر هەوای سەرکەشان

ئی نامە و نیشان جەیادت نەشان

جەوساعەت مەشی مەیاوی پابۆس

چەم شاد وە گەرد پاکی پاڵای دۆس

ئەڵبەت مەپەرسۆ ها چێشەن شەماڵ !

پەی چێش ئامانی چێش بێتەن ئەحواڵ ؟



PUBLIC

واچە قەیسەکەی وێڵ تۆ ئاساکە

فراد خەستەکەو مەجنون ئاسەکە

دێوانەکەی وێت دڵ ناشادە کە

خەستەی نائومێد ڕەنج وەبادەکە

زام زەدەی خەمان جکەرپارەکە

چەم جە ئەسرین کەیڵ بێ قەرارەکە

یا مەڵهەم یا مەرگ مەسپارۆت بەدەست

باوەڕ بماڵەش نەجای زامی خەست

قادر تا زیندەن غەم نە خەیاڵەن

جان فیدای لەیلەن بەندەی شەماڵەن[٥٠]

واتە: میرزا داوا لە شەماڵ ئەکات کە بچێتە لای یاری وە ناو نیشانی زۆری بۆ هەڵئەدات ، وە ئەڵێ : پاش ئەوەی لە چیای فەزاڵە تێپەڕت کرد ئەگەیتە سەرچاوەی هەوڵێ کە شوێنێکی سەیرانگا و خۆشو ڕەنگینە ئاوەکەی زۆر سازگارە وە لەوێ کەمێ ڕاوەستە یارم بدۆزەرەوە ئاوەکەی بریتیە لە شەش پیت ( پریزاد ) ناونیشانێکی تر ئەوەیە ئەی شەماڵ

٥٠ -باوای گەپشتی. شاخێکی بەرزە کەوتوەتە پشتی خانەگاوە لەلایەك لەیلاخ لەلایەك مایدەشت وە لەلایەکی ترەوە شارەزووری لێوە دەرئەکەوێ. ویەردی: تێپەڕتکرد. بەت: باڵندەیەکی سپیە لە کەنار ئاودا ئەژی. پەرەستو: باڵندەیەکی نەرم و نیانە بەسەر چیاکانەوە ئەژی.

واچە قەیسەکەی وێڵ تۆ ئاساکە

فراد خەستەکەو مەجنون ئاسەکە

دێوانەکەی وێت دڵ ناشادە کە

خەستەی نائومێد ڕەنج وەبادەکە

زام زەدەی خەمان جکەرپارەکە

چەم جە ئەسرین کەیڵ بێ قەرارەکە

یا مەڵهەم یا مەرگ مەسپارۆت بەدەست

باوەڕ بماڵەش نەجای زامی خەست

قادر تا زیندەن غەم نە خەیاڵەن

جان فیدای لەیلەن بەندەی شەماڵەن[٥٠]

واتە: میرزا داوا لە شەماڵ ئەکات کە بچێتە لای یاری وە ناو نیشانی زۆری بۆ هەڵئەدات ، وە ئەڵێ : پاش ئەوەی لە چیای فەزاڵە تێپەڕت کرد ئەگەیتە سەرچاوەی هەوڵێ کە شوێنێکی سەیرانگا و خۆشو ڕەنگینە ناوەکەی زۆر سازگارە وە لەوێ کەمێ ڕاوەستە یارم بدۆزەرەوە ناوەکەی بریتیە لە شەش پیت ( پریزاد ) ناونیشانێکی تر ئەوەیە ئەی شەماڵ

٥٠ -باوای گەیشتی، شاخێکی بەرزە کەوتوەتە پشتی خانەگاوە لەلایەك لەیلاخ لەلایەك مایدەشت وە لەلایەکی ترەوە شارەزووری لێوە دەرئەکەوێ. ویەردی: تێپەڕتکرد. بەت: باڵندەیەکی سپیە لە کەنار ئاودا ئەژی. پەرەستو: باڵندەیەکی نەرم و نیانە بەسەر چیاکانەوە ئەژی.

پەرچەمی یارم وەك ڕەشمار لوولی خواردووە وە بوون بە پەرژین بۆ بەرچاوی، چاوە جوانەکانی مەگەر چاوی شاباز لاسایی یان بکاتەوە گوڵی سوور نا گاتە جوانی گۆنای، مەگەر جوانی شاباز لاساییان بکاتەوە گوڵی سوور ناگاتە جوانی گۆنای، دەمی وەك غونچەی تازەیە گەردن بەرز و لامل زەرد، ئەگەر ڕۆژ بیّ تین بوو ئەوە دەم و چاوی ئەو دەرکەوتووە. ئەگەر لێی پرسیت شەماڵ ئیشت چیە ؟ بڵێ یارە دێوانەکەت فرمێسك دەڕێژێو دڵ زامداری تۆیە. ئەویش یا مەڵهەم یا مەرگت ئەداتە دەست کە بۆم بهێنی ئەگەر مەڵهەمی دایتێ بیسوە بە زامەکانما با سارێش بین. ئەگەر ئەم ڕاسپێریەم بۆ بکەیت تا ماوم بەندەی تۆم ئەی شەماڵ.

وە لە شێوەنی شێخ حەمە عەزیزی[51] نجاردا ئەڵێت:

دەروونم جەنەو قامەتم قاخ کرد

وە داغمایی سەخت دەروونم داخ کەرد

حوجرەی دڵ وە هوون غەمان غەم پۆش کەرد

دیدەم چوون جەیحوون ئەسرین خرۆش کەرد[52]

---

[51] - شێخ حەمە عەزیز لە١٩٠٢ کۆچی کردووە.

[52] - قاخ: کوم: چەماندوە. جەیحون: ڕوبارێکە لە یەکیەتی سۆڤیەت.

# داناى هەورامى([53])

نیشتەبێم وە کز جە دووری چەمم
بەکوڵ مەگرەوان من هەردوو چەمم
زانام کە هانام یاوا بە گەردوون
دەس بە گا چۆن بیم پەی باڵای چەمم

★★★

ئاگادیم چەمم ها نەوەرمەنە
وێرەگا وەختەن پرشەی وەرەنە
واتم بێ دار بە ئەی دڵ شادیەن
چوون دڵ بێ ئاگان ئینا وەرمەنە

★★★

زانام نامەبەر هان جەلاش پەیکی
پەرسام ئی نامە چی ئامەن پەی کی؟
مەس بیم کە نامەی لەیلی دوورم بێ
پێسە بنۆشو بە چەندان پەیکی ؟([54])

[53] -بڕوانە بەرگی دووەمی ئەم نووسراوە.



PUBLIC

واته: بێزاری دەربڕینه له دووری یار، وه له ئەنجامدا خۆشی و کامەرانی ئەگەیەنێ.

له دووریەوه بۆ نزیکیەکی کوتوپڕی ، وه لەم هۆنراوەیەدا ڕۆتۆش (البلاغة) جوان دەرئەکەوێ وەك چوون یەکی تەواو( الجناس التام ).

وشەی چەم بەسێ مانا: له یەکەمدا یار، دووەم چاو، سێیەم چەمانەوه، وه وشەی وەرمەنه یەکەم بەردەم، دووەم خۆر مابوو، سێیەم له خەوابوو ئەگەیەنێ.

وشەی پەیکێ یەکەم بەمانای بۆ کێ، دووەم نامه، سێیەم پیاڵەی مەی ئەگەیێنێ.

وه له هۆنراوەیەکی کەدا ڕوو ئەکاته چیای تەختی هەورامان، وه ئەڵێ:

ئەی تەخت چی بەرگی ماتەمیت پۆشان ؟

ئەسرینی هوونین نه دیدەت جۆشان ؟

بێ نازو پەرۆش ژەرەژت لاڵەن !

هام ڕازت پەپوون واشەن یا داڵەن !

هەرچەند به نامێ ماچا تەختەنی ؟

بەڵام پەی ئێمه خەیلێو سەختەنی

شەماڵت فاڕان کەردەنت بۆران

[٥٨] - لیشتەبیم: دانیشتبووم. مەگرەوان: ئەگریان. وێرەگا: ئێواره. ئیا وەرمەنه: له خەوابا.
ئەم هۆنراوەیه له ڕۆژنامەی ڕاپەڕین ژماره ١٨٧ ساڵی ١٩٦٨ دا بڵاو کراوەتەوه.

تا کوشندە بو پەرێ ڕاویەرن

★★★

دانا: بە دنیای کەمێ ڕات بەردەن

وێت چە دەردی من بێ خەبەر کەردەن

تا یاران وەی تەور بەیانێ سەرم

بۆش نیەن ( چنوور ) یا ( وەرکەمەر ) م

( سوورە هەڵاڵە) م گوڵ مەکەرۆ سوور

کەس بۆنی ( شەوبۆ )م مەکەرو چە دوور

چەرخی گەردوونی تا پێسە گێڵا

من هەر ماتەناو بینایم لێڵا

هەرساتێو نەمەن قەدەغە و سنوور

سەیرانم کردی بە کەیف و سروور

پێچاوپێچ جادی نە دەورم دەریا

با کوڵ نەونیو تا غەیم بڕیا

با کاسم کەر و ساز و نەغمەی نەی

زەڕەو پیاڵەی کاسەیی پڕمەی

داڵانی و هەیات، هەتا حەوت کەشان

(بەرزەڵگ[٥٥]) کەرۆ بۆیی وێش پەخشان

---

[٥٥] - لەو ناوانەی کە لە کەواندەدان گوڵی بۆن خۆشن.

هان جه دامێنم چەمەی ئاوێسەر
تامو شیرینیش وەش تەر جە کەوسەر
شنەی شەماڵم هاژەی بەفراوم
بەرکەر و جە دڵ دەردو زوخاوم
شانازی کەروو بە لوتکەی بەرزم
بە عەتر و گوڵاو گوڵی سەد تەرزم
گۆشت کەڕ کەروو جە قاقبەی ژەرەژ
جە نەغمەی بولبول لای نساری کەژ
بی رەنگە هەرکەس جەلام بنیشو
هەرگیز هەناسەی سەرد هۆرمەکێشو[٥٦]

واتە:- مەبەستی [دانا] ئەوەیە کە خەڵکی تەوێڵە بە سەربەستی ناتوانن سەیرانی تەخت بکەن، وە شوێنێکە زۆر پێویستی بە جادەی ئۆتۆمبێل هەیە، بۆ ئەوەی بەئاسانی خەڵك بچنەئەوێ، وە خەڵکی هەورامانی ئەودیو بە کۆڵ هەڵگرتن پێویستی ژیان ئەگوێزنەوە.

وە ئەڵێت لە تەڵقینی گەنجێکی هەوراميا:-

ئەی بەندەی خودا جە گۆڕی تەنیا
ئیسە فریشی پەی لاو تۆ مەیا

[٥٦] -تەخت: کەژێکی بەرزە لەپشت ئاوێسەرەوە. ژەرەژ: کەو. قاڕان: گۆڕیوەتەوە. هۆرین: خوێناوی.
ئەم هۆنراوەیە لە ڕاپەڕینی ژمارە ١٨٢ ی ساڵی ٦٨ بڵاوکراوەتەوە.

پەرسا لێت ماچا ئاینێت کامەن

خودا و پێغەمبەر پەڕاوت کامەن

نەتەرسی واچە یەزدان خودامەن

موحەمەد نەبیم هەم پێشەوامەن

قورئان پەڕاوم کابە قیبلەمەن

زورداری کافر برا کوشتەمەن

چێش پەرسی ئادەی کاکە ئەڕنەمووک

تا واچووت پەنە بە ئاسانو سووک

گۆڕە مشیو بو پەری گردمیا

هەرپێسە کورە – وڵە کەو لاویما

ئیرۆ دوزەخی بی درۆو شکەن

تەخمنیش گێرە کوورەی ئاهەکەن

چە دنیای ڕۆشن تەمرینم کەردەن

جە وەنەن هەجیج سەد کوڵم بەردەن

زووتەر مەویەر و سەرو سیراتی

با تیژ بو باریك منیچ یا پەتی

تۆ جە کۆسالان خۆ کەردەنت گەشت

هەر پاجۆرەنە مزانو بەهەشت

من کە قامەتم کەمانی لار بێ



PUBLIC

وەشی کوسالاًن لێم ژاری مار بی

سەوزی و مێرغوزار نە دیدەم تاربی

کوسالاًن پەی من هەر سەنگو خار بی

بدیە وە سۆزی زامانی دەردم

وە هەوری سەرکەش هەناسەی سەردم

من پەرسو وەلاًم شمەم پەی چێش بی

تا زیندە بێنی جەستەم پڕ ئێش بیٚ

سۆب تاوێرەگا کۆلٚ لەسەر شان بیم

وێرە گا تا سوب ئاه و نالاًن بیم

پۆشاك جل پینە وەنەش دیار بیٚ

لەشم ساغ نەبیٚ هەر دەردە دار بیٚ

بە شە و بە ڕۆژ کاسپی کەرێنی

سەرکار و قلۆخ نیمەش بەرێنی

سەرتاپای عومرم گرد مەینەت بیەن

هەر کاژێریوم قیامەت بیەن

پەی لوای بەهەشت من بیٚ مەرجانا

چوون شەهیدەنا کوشتەی ڕەنجەنا

بیٚ گومان زانو یاگەم بەهەشتا

واز جە من باردیٚ خودا حافیزتا



PUBLIC

ئەشێ زانێتا من نەمەردەنا
ڕەحمەتو ژیوای بی هوش کەردەنا
پەی ئامای قەبری ئاواتم واسەن
وچانم دەیدەی کۆتایی باسەن[٥٧]

واتە: دانا: بەزمانی حاڵی ڕەنجبەرێکەوە ئەم هۆنراوەیەی وتووە ک ڕەنجبەر مردووە وە فریشتەکان ئەچنە سەر گۆڕی بۆ پرسیار کردن ئەویش بە ئاسانی وەڵامیان ئەداتەوە ئەڵێ گۆڕ ڕاستە، هەروەکو خانوو تەسك و تاریکەکەی دنیام وایە کە تیا ژیاوم. ئاگری دۆزەخ ڕاستە وادای کوورەی ئاهەکە کە بەرد ئەسوتێنێ. وە لە دنیادا ئەوەندە بەسەر (وەنەن[٥٨]) دا بە کۆڵەوە ڕۆیشتووم وام لێ هاتووە بەسەر پردی سیراتا ڕابکەم هەر با تیژ بێت و باریك تر بێت وە منیش پێ پەتی بم. بێ گومان کۆسالانت دیوە کە بەهەشتێکی ڕەنگینە، نەك بۆمن چونکە ئەوەندە ژیان

٥٧ -مەیا: دێن. پەرسا: ئەپرسن. واچە: بڵێ. گردیما: هەموومان. کوڕەوڵە: خانووی تاریك و تەنگەبەرە. نەدیدەم: لەچاوما. لاوێما: لای خۆمان. ئێر: ئاگر. مەویەر: تێ پەڕم. سیرات: مەبەستی پردی سیرتە.

٥٨ - ماوەی دە ساڵێك لەمەو پێش لەسەر سیروان هەورامیەکان جۆرە پردێکیان دروست کردوە لە دارمێوی زڕ و داری ئەرخەوان وە لەم دوایەدا تەلیان تێکەڵاو کردوە هەروەك سەبەتە بهۆنیەوە هۆنیویانەتەوە بەڵام بەشێوەیەکی زۆر ئەستور و بەهێز وە لەم بەر و ئەو بە ڕبە مێخ بەردی گەورە باش بەستراوبوون، وە لەملاو لەولاوەیەوە جێگای دەستگرتنی هەبوو کە مرۆڤ بەشێوەی چەماوە چوەتە ئەوبەر وە دەستی بەملاو بەولایەوە گرتووە. وە زۆر درێژ و تەسك بووە کە یەك کەس توانیویەتی بەسەریا لێ پەر پێت ئەتانەت زۆرجار وەك جۆلانە هاتووچۆ کردوە، وە بێجگە لە خەلکی ئەوناوە کەم کەس توانیویەتی بوێری بەسەریا بڕوات. لەبەردەم دێی هەجیج دا وەنەنێك بووە لەگەڵ هەندێك شوێنی تر بەسەر سیروانەوە. بەبەرگی ئەم کتێبەوە تەماشای دیمەنی (وەنەن) بکە.

سەخت بوو دیمەنە جوانەکەی وەك تەم وابوو لە پێش چاووم لەتاو ڕەنج کێشان و ماندوبووندا. ئاوە سازگارەکەی بۆ من تامی نەبوو. سەیرانگاکانی هەر بەردی ڕەق و دڕك بوون بۆ من تامی نەبوو. سەیرانگاکانی هەر بەردی ڕەق و دڕك بوون بۆ من بەیانی تا ئێوارە هەر کۆڵ هەڵگر و شەو تا بەیانی خەوم لێ زڕابوو. بەرهەمی ساڵانم زیاتر لە نیوەی لێیان ئەسەندم. بێگومان ئەچمە بەهەشت وازم لێ بێنن چونکە وەك شەهید کوژراوی ڕەنجم. خۆم ئاواتم خواستوە لەناو گۆڕ وچانێك بدەم. خواتان لەگەڵ.

ئەمەش پارچەیەك لە هۆنراوە بڵاونەکراوەکانی (دانا) کە ساڵی (١٩٧٨) دایناوە لە سلێمانی:

کوردە کەساسی و داماوی تاکەی

تاکەی بەبێ هۆ قوربانی ئەدەی

ئاخۆکەی ئاڵات بشەکێتەوە ؟

خونچەی ڕزگاریت بگەشێتەوە !

خۆزگەم بەو ڕۆژەی نام گرن بەدیل

بتوانم بچمە سەر کێوی قەندیل

دەست ڕاوەشێنم بە چەپدا و بەڕاس

ڕووبکەمە مەلاوی دەرسیم و سیواس

ڕوو وەچەرخێنم بەرەو مەهاباد

ئاکرێ و زاخۆ و بەرزانی ئازاد

ڕوو وەچەرخێنم بەرەو قامیشلی

گەرمیان خانەقین هەتا مەندەلی

بڵێم ئەی گەلی کوردی چەوساوە !

تاکەی بیرو ڕات پەرش و بڵاوە ؟

قۆڵی لێ هەڵکە و چاکت بەلادا

چ بە ئاشکرا چ لە پەنادا ؟

دەست ڕاتەکێنە لە زنجیر و کۆت

ئەم ڕێگا سەختە کێ تەختی کا بۆت ؟

************

# بەشی سێ یەم

# مەولانا خالید[٥٩]

-ل ١١٩٣ ه لە قەرەداغ لە دایك بووە وە لە ١٢٤٦ لە شام كۆچی كردووە.



PUBLIC

ئەم پێشەوایە زۆر پایە بەرز و خوێندەوارێکی یەکجار هەڵکەوتوو بووە، زۆر وڵات گەڕاوە، پێویست ناکات بیان نووسین وە درێژە بە مێژووی ژیانی بدەین. بەس ئەوەندە هەیە دانراوی زیاتر لە شەش پەڕاو لە زۆر جۆر عیلما هەیە، دیوانی هۆنراوەی تایبەتی هەیە، مەولانا لە ساڵی ١٢٢٢ چووە بۆ هیندستان بۆ لای شا عبدالله ی دەهلەوی.

پاش گەڕانەوەی لە سولەیمانی نیشتەجێ بووە، لە پاشان چووە بۆ شام وە لەوێ ماوەتەوە تا کۆچی دوایی کردووە.

دە پەڕاو دانراون لەسەر مێژوو وە فەرمودەکانی مەولانا خالد، بە سەدان وەک شێخ سراج الدين خەلیفەی بوون.

لە هۆنراوەیەک بە شێوەی هەورامی ئەفەرموێت:

یا فەردی ئە عظە م یا فەردی ئە عظە م
یا حەی یا قەیووم یا فەردی ئە عظە م

تا ئەفەموێ:

فرۆزندەی بەرق نەسینەی سەحاو

ئولفەت دەهندەی ئایر چەنی ئاو

شۆڵەبەخشی ئار پڕ لە ئەفزای نوور

ڕوزی دەهەندەی مەلوو مارو مور

ڕوی ڕۆشن بەشەو شەو بە ڕۆژ دەر

گەدایان بە شا شا بە گەدا کەر

جه شەڕی فیرعەون موسا نەجات دەر

ئایر پەی خەلیل وە گوڵستان کەر

نگون کونوندەی تاجی فەرەیدوون

خەسرەو غەڵتان کەر نە گێجاوی هوون

جامی جام نەدەس جەمشید بەر ئاوەر

کەللەی کەیکاوس وە تووتیا کەر

نیشانی توغرای زوڵفی دێزی لەیل

ڕانمای مەجنوون نە هەردەی دوجەیل

ئامام ئاسانەن بە ڕەنگی زەردم

تۆبەی نەسوحی نەدەرگات کەردم

من وێم ببەخشی لایق نیم هەرچەند

تو بەخشیم بە عەشق شاهی ( نەقشبەند )

ڕەزامەندی وێت لێم کەری مەعلووم

(خالد) جە دەرگات نەکەری مەحرووم[٦٠]

واتە:- له یەزدان ئەپاڕێتەوە وە نزا ئەکات کە خوا لیٚ ی خۆش بێ[...] پاش ئەوەی کە توانای یەزدان ئاشکرا ئەکات. دیارە هۆنراوەی پیاو[...] وەك مەولانا خالد پڕمانەیە بەلاّم لێرەدا نەمان توانی زۆر لەسەری بڕۆین[...]

[٦٠] – فرۆزەندە: پەیاکەر. نەگون: لەناوبردن. ئامام: هاتم.

# غولام شاخان[٦١]

ناوی ئەمانەتولاّ کوڕی خەسرەو خانی ناکامە لە کۆشکی فتح علی شای قاجارد گەورە بووە دووجار فەرمان ڕەوایی شاری سنە و ناوچەکانی گرتووە دەست. لە ١٨٤٢م لە سەردەمی فتح علی شادا وە لە ١٨٤٥ لە سەردەمی ناصرەدین شادا. هۆنراوەی بە شێوەی هەورامی زۆرە، بۆ نمونە لە یەکێکیاندا دەڵێت:-

میرزام زامی حەی میرزام زامی حەی
ئەفلاتوون فامان حەکیمانی حەی
دانایانی دەور دانش کەردەن طە ی
پەی ئازاری دڵ نیشان دا دوو بەی
بەی چ بەی سەمەر نەونەمامی نەی ؟
خۆلاسە و خۆش بۆ خۆش مەزە چوون مەی
ئاگا پەیدا بی جفتیَ سیا حەی
موستە حضە ر مدران نە دەورانی بەی
کە چەن چوون عەقرەب پێچ پێچەن چوف حەی

٦١ - لە ساڵی ١٨٦٦م دا مردووە.

لوولەن چوون لاو لاو پەی نەمای نەی

قەومان و خویشان کێ دیەن کەی کەی ؟

بەی میوەی نەی بۆ حەی نەدەوری بەی

حەی و بەی و نەی جەرگم کەروەن پەی [٦٢]

زیندەگیم پەی چێش وەی وەی یانەم وەی

مەرهەم بای شەماڵ بیاوۆ پەی پەی

چە هەم جیاکا حەیو بەیو نەی

بە حوکمی ( قادر علی کل شي )

وە پەیام پەیام مەقسەد کەردم تەی

واتە: خەڵکینە یارە تازە نەمامەکەم دوو بەهێی پێوەیە وەك مەی تامو بۆ
خۆشن. بەڵام چی بکەم دوو ڕەشمار وەك لاولاو ئاڵاون بەدەوریاندا ناتوا
دەستیان بۆ بەرم. باڵا جوانەکەی، پرچە ڕەنگینەکانی، مەمکە خڕەکا
جەرگی منیان لەت کردووە مەگەر بای شەماڵ لەیەکیان بکاتەوە. ئەوس
بتوانم دەستیان بۆ بەرم.

٦٢ – بەی: بەهی. سیاحەی: ڕەشمار. نەی: مەبەستی باڵایە. عەقرەب: دووپشك. جیاکا جە
لەیەکیان جیابکاتەوە. شی: شت.

# (ئەحمەد بەگی کۆماسی

## ( ١٧٩٣ _ ١٨٧٦م)[٦٣]

لە بەردەسپی لە دایك بووە ، هۆنراوەی زۆری بە شێوەی هەورامی وتووە.
لە یەکێکیاندا ئەڵێت:-

گڵکۆی تازەی لەیل گڵکۆی تازەی لەیل
ئاوریشم وە سەر گڵکۆی تازەی لەیل
نە پایەی مەزار ئەو لەیلی پڕ مەیل
جەدیدەم واران ئەسرینان چوون سەیل
شیم وە سەرینش بەو دڵەی پڕجۆش
سەنگی مەزارش گرتم نە ئاغۆش
واتم ئەی دڵسۆز قەیسی پۆس نە کۆڵ
موبارەکت بۆ یانەی تازەی چۆڵ
گڕەی نار عەشق دووری باڵای تۆ
کاریێ پێم کەردەن نەونەمامی نۆ
نەبەڕۆژ ئارام نە شەو خاومەن

٦٣ - ئەم هۆنراوەیە هی حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە نیە وەك لە سێ ئامێلکە و گۆڤاردا نووسراوەتەوەندە هەیە حەمە ئاغاش وەك لە کەشکۆلی مەلاعەدولای گەلاڵەدا نووسراوە، هۆنراوەیەکی هەبوو بەناوی گڵکۆی تازەی یار﴾ وە لە ماناوا لە یەك ئەچن ﴾.

چوون چەم گل کەران گلاراوەمەن
چەوساوە کەردش ئەو چەرخ چەپ گەرد
منو تۆ وە زۆر جەهەم جیاکەرد
تۆ بەردەن وە خاك سیای تنگ و تار
من مام پای عەزاب جەفای ڕۆژگار
هەر ڕۆ چوون مەجنوون خاتر بەغەم کەیل
هەر لەیل لەیلمەن جەهەردەی دوجەیل
شەوان تا وەڕۆ شینو ڕۆڕۆمەن
گشت پەژارەیی تەنیایی تۆمەن
ستارەم شوومەن بەختم لێویان
چوون ئاهوی تەنیا سەر لێم شێوان
یە حاڵی منەن شای وەفاداران
هەم ڕازی تۆ کێن سۆب تا ئێواران
لەجیاتی باهووی قەیسی غەم گینت
کام سەنگی سیا شەو جە باڵینت
سا پەی جێش سۆمای دیدەم تار نەبۆ
زیندەگی جەلام زەهری مار نەبۆ
ئەو دیدەی مەخموو ئاهو بێزی تۆ
ئەو زوڵفەی قەتران شەڕەنگیزی تۆ



PUBLIC

وه مەودای چل چەنگ تو تاتات مەکەرد

ئێسته بەشێوەن چوون ڕێحانەی هەرد

نەدای جوابم – نه تۆ دەنگت کەرد

ئەمجا بڵێسەم وه گەردوون ویەرد

دیسان هەم جەنەو واتم ئەی دڵسۆز

حەکیمی زامان دەردی مەجنوون سۆز

هام نه سەرینت زار زار مەناڵم

خاك یانەی نوورت وەچەم مەماڵم

پەی چێش مەیلی وێم جەلات کەم بیەن ؟

مەر عەهد و پەیمان جه یادت شیەن !

دیم دەنگی ئاما نه تۆی خاکەوه

نەو یانەی تاریك حەسرەت ناکەوه

ئامانه گوشم چوون ڕازی جاران

واتش ئەی مەجنوون وێڵی کۆساران

خاك وه دەستی زۆر زنجیرم کەردەن

یادی هام ڕازان جه یادم بەردەن

هێنده خاك و سەنگ وه جەستەم بارەن

نه جاگەی جواب نه ڕای گوفتارەن

وە هەندێ لە هۆنراوەکەی حەمە ئاغا ئەنووسین بۆ ڕوونبوونەوە و جیاکردنەوەی لە هۆنراوەی ئەحمەد بەگ:-

گڵکۆی تازەی لەیل گڵکۆی تازەی لەیل

ئاوریشم وە سەر گڵکۆی تازەی لەیل

خەیلی ڕۆ کەر و نە پای ئەو مەزار

وا ئەم زوڵەیخای شۆخی خاتردار

بە چ کۆچی بی ناوەعدە کەردی ؟

من مەندم پەی داخ هەناسە سەردی

یا تۆ خاترت هەر جە من ئێشان

یا تۆرت کەردەن جە قەومو خوێشان

تا ئەڵێ:

سەنگی ڕووی لە حەد پێم کەردەن کارێ

قەتران نە تەرحی سیادەواری

دەسەڵات نیەن دەستم بەسیان

هەر نە سای یاران من یانەم جیان

جەوساوە (تالیع) پەرسا جەو مەزار

دیدەش بوەن ئەسرینان هەزار



PUBLIC

# خاناى قوبادى

## ( ١٧٥٩ ـ ١٧٠٠ )

هۆنراوەی بە شێوەی هەورامی وتووە  لە هۆنراوەیەك ئەڵێ:

یارەب ئەر بەدخوم ئەر پاكیزە خوم
گونای من چیشەن ئافەریدەی توم
تۆ وێت حاكم بەر هەم وێت بەر قازی
كەس بە سنعی وێش چۆن نیەن ڕازی
تۆ بە دەستی وێت من ئافەریندەن
ئەر نە بۆت پەسەند كی پەسەندیدەن
ئەورۆ كە هەستی منت كەرد ڕەقەم
(والله وبالله) بە زاتت قەسەم
ئەر مەبی وە دەس من ئیختیارێ
منیش جەو دەما مەكەردەم كارێ
دنیای بێ وەفای تۆم نەدیا بەچەم
وەی تەور نەكەفتام نە گیجاوی غەم
سا كە كێشانت بەننای بالاّ دەست
من مەخلوقی تۆم ئەر خاسم ئەر گەس

واتە: خوایە ئەگەر چاك بم یا خراپ بەندەی خۆتم بمزانیایە کە ئەمرم وە لە ڕۆژی ئەزەلدا دەسەڵاتم ببوایە کارێکم ئەکرد کە ئەم دنیا پڕوپوچەم نەدیایە.

وە لە هۆنراوەیەکی کەدا ئەڵێ:

من چەنی تۆما تۆم بۆ چەنی عام
تۆ، تۆتۆی جەرگم جیا کەر جە هام
تۆ تۆ بەند وە بەند بگیلەش بێدا
گەر تۆ دیت تۆپیێ غەیر جەتۆ تێشدا
ئەوسا وێت ئاسا باوەرەش وەبەر
وە مەودای ئەڵماس پارەپارەش کەر

واتە: من لەگەڵ تۆمە وەرە وە خەڵکیش بهێنە لەگەڵتا جەرگم تۆ تۆ و بەند بەند بگەڕێ ئەگەر بێجگە لە خۆشەویستی تۆ هیچی کەی تیابوو بە نووکی ئەڵماس دەری بێنە وەك زۆرجار دەرتهێناوە.

لەم پەڕاوەدا ماوە نییە هەموو هۆنەرەکان کە بە شێوەی هەورامی هۆنراوەیان وتووە باسیان بکەین وەك مەحرووم، داخی، مەلای جەباری، سەی یاقو، فەقێ قادری هەمەوەندی، تایر بگ،ناری، وەلی دێوانە هتد...

# (بەشی چوارەم)

## هەندێ لە پیاوە ئاینیەکان


## لە ناوچەی هەوراماندا



PUBLIC

ناوچەی هەورامان پیاوی ئاینی زۆر تیا هەڵکەوتووە، بەڵام بەداخەوە مێژووی ژیانی زۆریان بۆ ئێمە ڕوون نەبووەتەوە. وەك (بابا سەرهەنگ، بابا ئەسکەندەر، سۆفی جانە)، کەمەزارگەیان لە تەوێڵەیە. دوانزە برای کەیمنە کە نەوەی بابا تاهیری هەمەدانین باوکیان ناوی بابا خاکی بووە لەو دوانزەیە ( پیر خالید، قاسم، خدر، ئوسمان، پیری چۆکلە ).

وە لە هەورامانی تەخت (مەلا قاسمی پاگەیلانی، مەلاتاهیری هەورامی، مەلا جادالله، شێخ وەسیم، شێخ محمدی فخرالعلماو کە خەڵکی ژاوەرۆیە وە لە ساڵی ١٨٨١م کۆچی کردوە، وە مەلا عبدالله ی خەرپانی، مەلا صادقی تەوێڵەی، هتد..



دیمەنێك لە هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



PUBLIC

# ( شێخ سیراج الدین )

## ( ١٨٦٧ - ١٧٧٤ )

ناوی عثمان کوڕی خالد کوڕی عبدالله کوڕی محموده لەتەوێڵە لەدایك بووە. دایکی ناوی [حەلیمە] وە نەوەی فەقی ئەحمەدی غەزایی بوو. پاش ئەوەی لای مەلا حسەینی نەوسود خوێندویەتی ڕووی کردوەتە سلێمانی بولای مەولانا خالد وە ئەبێ بە خەلەلیفەی وە ئەگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە. پاش ئەوەی خوێندن تەواو ئەکات لە هەموو ناوچەکانەوە ڕووئەکەنە خانەقاکەی بۆ سوود وەرگرتن.

جارێکیان مەولەوی دوائەکەوێ لە نامە نووسین بۆی ئەویش ئەنووسێ:

( یاکاغەز وریان یا مەلا مەردەن )

( یا هەر عارتەن دۆس وە یاد کەردەن )

غەمگین مەنیشەو غەم بدەر وە باد

فەلەك نماز و کەس وەخاتر شاد

مەولەویش لە وەلامدا ئەنووسێ:

شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی

یاگەی حەقیقەت جلیوەی ئەحمەدی


جە شەو هەوراگەی فەناویەردە

پای هەردەی بەقا یاتاغگە کەردە

جارێکیان لێی ئەپرسن ئایا ڕێك ئەکەوێت مامۆستا لە قوتابییەوە دوور بێ وە سودی لێ وەرگرێ ؟ ئەویش بەم هۆنراوەیە وەڵامیان ئەداتەوە:

از خوف بداندیش لب خویش گزیدیم
هرجا که من و یار به هم رسیدیم
باواسطه گوش و زبان از طرف دل
بسیار سخن بود که گفتیم و شنیدم

واتە: زۆرجار لەکەڵ هەرکەسێکا ئارەزوم کردبێ لەترسی خەڵك بەدڵ گفتوگۆمان بەیەکەوە کردووە. شێخ خاوەنی کەرامات بووە کە لە نظم المحاسن کۆکراونەتەوە. دووان لە کورەکانی شێخ عمر ١٨٣٩ – ١٩٠٠ وە شێخ محمد بهاء الدین ١٨١٨ – ١٨٧٢.



دیمەنێك لە هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



PUBLIC

# حاجی مەلا نەزیری گەورە

( ١٨٧٨ - ١٧٨٦ )

ناوی نەزیر کوڕی ئیبراهیم کوڕی مەلا مەحمود کوڕی سۆفی ئەحمەد بووە[٦٤].

پاش ئەوەی خوێندنی ئاینی تەواو ئەکات لەلای مەلا قاسمی شەڕەکان، ڕوو ئەکاتە [بوخارا] بۆ لای دەروێش محمد کە بە شا ساحب بەناوبانگە، وە لەگەڵ محی الدین کوڕی ئەگاتە بوخارا وە ئەبێت بە خەلیفەی شا ساحب. وە ڕۆژێك شێخ پێی ئەڵێت ئەگەر من کوژرام، لە جێگاکەی من دانیشە، ئەگەر پێت خۆشە، ئەگینا پاش چل ڕۆژ بچۆرەوە بۆ وڵاتی خۆت. حەفتەیەك پڕ ناکاتەوە، شا ساحب ئەکوژرێ وە مەلا نەزیر زامدار ئەبێت پاش چل ڕۆژەکە ئەگەڕێتەوە بۆ تەوێڵە.

مەلا نەزیری گەورە فەرمانبەری عوثمانی لە خورماڵ بانگی ئەکات ، وە سێ دێی بۆ دیاری ئەکات وە ئەڵێ بۆت تاپۆ ئەکەم چونکە لەو سەردەمەدا

٦٤ - مەلا نەذیر زۆر خەتی خۆش بووە (احیاء العلوم الدین) نووسیەوەتەوە. باپیرەی حاجی مەلا صاحب مدرسی مزگەوتی گەورەی تەوێڵەیە کە باوکی نووسەرە.



PUBLIC

هەرکەس کەمێك دەسەلاتی بووبێت زەوی و زاری ئەو خەڵکە هەژارەیان لەسەر تاپۆ کردوە تا ئێستەش خەڵك بەدەست تاپۆی ڕەشەوە ئەناڵێنیێ.

حاجی مەلا نەزیر بەفەرمانبەری عوثمانی ئەڵێ من زەوی و زاری حەرامم ناوێت، وە بەشی ژیانی خۆم دەرامەتم هەیە. مەلا خاوەنی کەرامەت بووە کە لە نامیلکەیەکدا کۆکراونەتەوە. وە بۆنمونە ئەڵێن: جارێکیان ڕەزا قولێ بەگ لە [نەوسود] ڕاو ئەکات بۆ (پەرونی) کە سەعاتێ لە نەوسودەوە دورە کە ئەگاتە ئەوێ دوو کابرا بەدی ئەکات دەستو پێی ژنێکیان بەستوە، ئەویش هەردووکیان ئەکوژێت وە ئافرەتەکە ڕزگار ئەکات. لەپاشا بەخەڵك ئەڵێت حاجی مەلا نەزیری تەوێڵە ئاگاداری کردم.

مەلا نەزیر حەوت کوڕی بوون(حاجی محی الدین، مەلا جەلال، متین، غیاث، معین، نذیر). لەساڵی ١٣٠٧ دا مەلا جەلال و مەلا منعم لە سەفەری حەج دا لە بین الحرمین لە دنیا دەرئەچن.

شەوێك شێخی سراج الدین ئایشەی کچی ئەبات بۆ ماڵی مەلا نەزیر وە هەر لەوێ بۆی مارە ئەکات بەبێ ئەوەی تەنیا قەرانێکی لێ بسێنێت.



PUBLIC

# بەشی پێنجەم

# چەند نمونەیەك لە پەندی پێشینانی کورد



PUBLIC

## أ

١- ئاگات ئافەرمی بۆ: هەڵت نەدەن.

٢- ئاغە ڕۆ خوا شوکور: دوژمنی مردووەو بۆی ئەگری.

٣- ئانە گورز و ئانە مەیدان.

٤- ئەگەر بەنزا بیێ پشقەڵی بەخورمایی بێنێ.

٥- ئیندەت مدو وەنە بیاوی (هەری ) واچی مەرحەبا لالۆ.

## ب

١- بە چەمچێو ئاوی مێوە مەڵێ: هیچی نەدیوە.

٢- بازنی ئاڵتوون ئینا دەس شەنە: خوێندەوارە.

٣- بە زەڵمو تانجەروی پاك مەبووە: پیاو خراپە.

## پ

١- پیرت نەبوو لەوە پیریو بسانە.

٢- پێسەنە شنگی دەی دەمو گاوێو.

٣- پاڵا چەکەش ئینا دیوانەنە: واستەیەکی هەیە بەلای ئاغاوە.

٤- پادارا گیردی بێ پێ ماڵو ویمانی[٦٥].

---

[٦٥] -حۆی وتنی ئەم پەندە ئەوەیە لەکاتێك دا فەرمان ڕەوای شاری سنە باجێکی زۆر ئەخاتە سەر دێیەکی هەورامان وە داوا ئەکات لە ماوەیەکی کەم دا بە تێرراوێکی گورج و گۆڵ کۆی بکەنەوە و ڕەوانەی سنەی بکەن، پیاوێکی ڕیش سپی ژیر ئەڵێ کەس گوێ نەداتە ئەم کابرایە من چارێ بۆ ئەدۆزمەوە، پاش ماوەیەك سەرکار دێتەوە بە شوێن باجەکەدا ئەویش ئەڵێ بە پەلەپادا ناردومانە. سەرکار هەندێکیان لەگەڵ خۆی بۆلای فەرمان ڕەوا ئەبات وە پێی ڕائەگەیەنێ وە ئەڵێ ئەمانە ئەڵێن پارەکەمان کۆکردوەوە وە بە کەروێشکا ناردمان.



PUBLIC

### ت

١– تەوێڵەیی کاغەزی چەرمە موانۆوە.

٢– تا گەورە نەواچۆ یانەنە گولانە مە گێڵنۆش بانەنە.

٣– تیکە برژاوە ئینجا قوتش دە.

٤– تەوەنی یاگو ویشەنە سەنگینەنە.

٥– تاکەو حەملە قشقەریا[٦٦].

### ج

١– جوجەڵێ وەهاری پایزەنە بژمارە

٢– جۆڵا بە سەردرو وێش رازی مەبو.

٣– جە ویرانەی خەزێنە بەرگنو.

### چ

١– چن وەرگی موەرو چن مەیێ شیوەن کەرو

٢– چەقنام پۆرە گوچەوەنی چرام ونە ئاغەژەنی.

٣– چیر و لوسیوی لووە بتاویش.

---

فەرمان ڕەوا لەدڵی خۆیا بڕیاری ئاقی کردنەوەیان ئەدات وە پیاوێکی ئەڵێ مێوژ و قالۆنجەی ڕەشیان بۆدانێ. کە بۆیان دا ئەبینێ پیاوە ژیرەکە چاوێك ئەگرێتە هاورێکانی وەك بڵێ بەدرۆم مەخەنەوە خۆتان گێل کەن وە ئەڵێ ( پاداری گێردی بی بیێ مالو وێمانە) فەرمان ڕەوا ئەڵێ ئەزانم بەدرۆ ئەتانەوێ قالۆنجە و مێووژ لەیەك جیا ئەکەنەوە دەستیان بۆ مەیەن من لە هەموو باجێك لێتان خۆش ئەبم بەم جۆرە وە بەم فێڵە ڕزگار ئەبن.

٦٦ – لە سەردەمی خۆیدا ڕۆژێکی هەینی ٣٩ کەس ئامادە بوون ناردویانە بەشوێن ئەو کابرایەدا کە بێت بۆ نوێژ وە بین بە ٤٠ کەس تا جمعە ئەواو کەن ئەویش ئەڵێ خوا لێشی منی زۆر جار بەخشیووە. ئەبێ منیش ئەم جومعەیە ئەفرە بدەم وە نایەت بۆ جومعە.

## خ

١- خاكۆ چیرو پایش پەی حەوت دەرمانەی مشیو. پیاو چاكە.

٢- خوا پا نەدو ماری: پیاو خراپە.

٣- خەتەنە فەرزا نەك بنەنە.

## د

١- دەگا پەرەنە مەتیە كەڕەنە.

٢- دەویری ئاوی بەروت، مەلە سەر و پردو ئامەردیەنە.

٣- درەخت پیر بو یەك جار باز سەرشۆ منیشۆوە.

## ر

١- ڕۆڵەو ئۆجاخان.

٢- ڕیش كەنۆوە لكنوش سمێڵیوە.

٣- رۆڵەو ژووژوەكەیا.

## ز

١- زوان بازەم سەرەم سلامەت.

٢- زوان زامش سارێژ مەبۆ.

٣- زوانت یا بوڵبوڵا یا مارا دەمتەنە.

## س

١- سەرە ئەژناسا.



PUBLIC

٢- سەر و ئاوو حەمامیو پیاوەتی کەرۆ

٣- سۆرۆش کەردێ گاوە بی.

## ش

١- شوانە مەیلش بو گونی بەرانیەنە پەنیرە کەرۆ.

٢- شرِ بوەرە جەماعەت.[٦٧]

٣- شەوە قەلاّ و میردیەنە.

## ف

١- فەراشەو وێش کرِنانۆ: فێڵبازە.

٢- فیر و لوای بە، جادەس کەرە رِەمای: وردە وردەش ئیش بکە.

٣- فەتاح قالاّ: لە خۆیەوەشت ئەڵێ.

## ق

١- قاپیشا ئینی تورە کێوەنە.

٢- قوزی بی زەودا.

٣- قسی کەوتە سی ددانی، گنۆ سی یانی.

---

[٦٧] - ئەم پەندە ئەڵە زلە کورِی مەحمود کورِی جەوامێر وتوویەتی کە پیاوێکی قسەخۆش و بەناوبانگە. لە کاتێکا چووە بۆ مزگەوتی دێی زۆم﴿ وا رِێ ئەکەوێ لەشی قورس ئەبێت ﴾ ئەو مزگەوتەکە چرکە چرکێکی لێوە دێت ئەویش رِا ئەکاتە دەرەوە، لەبەر سەرما تا بەیانی دا ئەنیشێ سالی دووایی رِێی ئەکەوێتە ئەو دێیە تەماشا ئەکات مزگەوتەکە ولاخی داگیرکەری تیا بەستراوەتەوەئەویش ئەڵێ ( شرِ جەماعەت بۆ هەر بەمن ئەوێری ).

## ک

١- کۆر مەبەو نابەڵەد، خاڵۆنو خاڵو وەڵەد.

٢- کاسەی بی سەر پووشش گنونە.

٣- کێمنەیی گانی کەرو بێدرواسی ویش شورو.

## گ

١- گەلێمانە دینی گەلە ڕێما دیێنی: واتە هیچ نەبیٚ کەمێك شارەزاین.

٢- گرد سەرەکیو سەرە چیریوش هەن.

٣- گەدایی وەشا قوڕتیش خرابێنی.

١- لەتەرە ڕیسە لەتەرە ڕیسە بو بە دمو هەری لەتەری مرێسو.

٢- لووتە بازە بەینو چەمانە .

٣- لچ بە ددانی مەزانو: زۆر نهێنە.

## م

١- مەلانە بو دەگانە کەڵەشیر بلقاسم بەگا .

٢- مەواچەو مەژنەوە .

٣- ملو سەرو کەلۆ ئایشینە شارەزووری بی پیت کەرۆ .

## ن

١- نە ئینده شیرین بە قوتت بدا نە ئینده تالٚ بە تفاتۆ.

٢- نۆباو ۆ نودشیەکان: لە سلێمانی لە سەر نۆرە ئاوی نۆنشە شەڕیان کردوە.



PUBLIC

٣- نانش بە گۆشی ژاوان: نەزانە.

## و

١- وە ختیو جەنگ کەری ئاتشتیت ویر بو.

٢- ویت مەکەرە مەقاش: دار دەستی خەڵك مەبە.

٣- ولۆ دۆباڵینە بەرش مارو: لە کونی جالجاڵۆکەدا بێت دەری ئەهێنم.

## ه

١- هەریاگیۆ ئاشا کەچەڵ فەڕاشا

٢- هەر چاك پڕچیان: نەزان کردارە بۆ ژیان.

٣- هەر موێوش، ساڵیو ڕستەن: زۆر زۆرزانە

## ی

١- یاخوا توون چی نەیو حەمام چی.

٢- یۆ نەگبەتیش ئاما بە توو ماسی خنیکیۆ.

٣- یۆ نانش نەبی لوی پیازی ئەسانی.

ب:- (نمونەیەك فۆلکلۆر بەم شێوەیە) :-

هۆر لوا سلێنە

کەرگی بلا کولێنە

هۆ لوا پاوە



PUBLIC

ژەنی بنیا هەڵاوە

جمعە بوارو شەمە وەش کەرو

شەمە بوار و پەنجو شەش کەرو

ꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮ

یاخوا وارۆ پەی خەڵەی

گیوا و بڕسو پەی گەڵەی

وەیوە باڵۆ سەرو پیرا

یاخوا وارو پەی فەقیرا

ꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮ

دارەکە و کەڵی شنە شنشا

وەشڵەیم پا کەسیە جالە چەنیشا

سوورە هەڵالە چنوور خیزیان

شارەزوور گەرما پۆکەیم بێزیان

ꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮ

غەریب ئاتە نیا بلۆ پەی یەمەن

غەریب ئانەنە ملو تۆی کەفەن

ꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮꙮ

تا داڵێو مەنۆ بە داڵە هۆوە

منیشو بەدیار باڵاکەو تۆوە



PUBLIC

## (رازێك بۆ منال)

کەر گە قوڵێ پامۆکی، کۆتەنە دیزەی دانۆکی. ئاماوە ئیسقانۆکی. مڵەی بولێ بەسەر، سۆرۆ لاسۆتە، قالاو قنگ پڕوزیا، چنار بەڵگەشان، ئاوی لیڵو وێڵ، هەرزن سەرەو قنگ. باوایێك وە قنگ، ئاسیلی سەرە ماسیلی.بازار هۆر گریا.

## گۆرانی

سیا چەمانەی هەورامی مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە وەك مەقامێکە کە هەرگیز کۆن نابێت، وە بەزۆر جۆر ئەوترێ.

١- دەرەیی ٢- بەزمی پەسەك ٣ - میناداد

٤- ولە هەنار گیان ٥- خاڵ سیاو لەیلی ٦- ئایشی ڕۆ.

بێجگە لەمانەش بەزمی تر زۆرە وەك شیرینە و خانم، مەچو مەچو، خەجیم، خەجی، هەوری لەمل، وەسەت مەرۆ، لاوەلاوەکە، کورپەلەی قەد باریك، نارنجە و توبا گیان، بۆ تورت کرد بۆ نۆریای، خڕنگە، باران بارانە هتد...

# پزیشکی

ناوچەی هەورامان پیاوی حەکیم و پزیشکی بەناوبانگی زۆری تیا هەڵکەوتووە کە زۆر جۆر نەخۆشیان چارکردووە. لە کاتێکدا کە پزیشکی بەم جۆرەی ئەمڕۆ پێش کەوتوو نەبووە بەتایبەتی شکستە.

ماوەی شەست ساڵێک لەمەوبەر شیخ محمد کوڕی شیخ هیدایەت خەڵکی دێ ی [ڕوۆ وەرێ] بووە لە نزیک شاری هەورامانەوە، کە یەکێك بووە لەو حەکیمانە:

١- ئافرەتێك کلۆکی لەجێ ئەچێت، لە کەوتنە خوارەوەدا ئەی بەن بۆلای ناوبراو ئەویش فرمان ئەدا ماوەی شەوو ڕۆژێك ئالیك بە ئەسپێك بدەن، وە ئاوی نەدەنێ، دوای تەواو بوونی ماوەکە ئەسپەکە بە ڕووتی ئەهێنن، وەی ئافرەتەکەی سوارئەکەن وە لەژێر سکی ئەسپەکەوە قاچی ئەبەستنەوە کاتێ ئەسپەکە ئەبەن بۆ ئاو

خواردنەوە بەجۆری سکی بەرزئەبێتەوە کلۆکی ئافرەت ئەچێتەوە جێی خۆی.

٢- ئافرەتێکی کە هەردوو باڵی بۆلای سەرەوە ئەوەستێ شیخ محمد ئەیباتە ژوورێکی چۆڵەوە، لەناکاودا دەست ئەبات بۆ بەنەخوێنی ئافرەتەکە، ئەویش لەشەرما هەردوو دەستی بۆ خوارەوە ڕائەکێشێ وە باڵەکانی جێی خۆیا ئەگرنەوە.

دیارە بێجگە لە شارەزایی ژیریەکی بێ پایانی بەکارهێناوە لە چارەسەرکردنی هەموو جۆرە شکستە یەك دا.

تەواوبوو

************************

## سوود لەم کتێبانەی خوارەوە وەرگیراوە.

١- دیوانی مەولەوی – مامۆستا مەلا عبدالکریم.

٢- مێژووی ئەدەبی کوردی – مامۆستا علاوالدین سجادی.

٣- مێژووی کورد و کوردستان – شێخ محمد ایەالله ی مەردۆخی.

٤- چوار کەشکۆڵی دەست نووسی کۆن.

٥- چەند ژمارەیەك لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە.

٦- پەڕاوی زەردەشت وەرگێڕاوی مامۆستا شاکر فتاح.

٧- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد – ساجد ئاوارە.

٨- فرمیسکو هونەر – مامۆستا گۆران.

٩- شاخی هەورامان – مامۆستا قانع.

١٠- چەند ژمارەیەك لە گۆڤاری گەلاوێژ.

١١- چەند ژمارەیەك لە گۆڤاری هیوا.

١٢- چەند ژمارەیەك لە گۆڤاری ڕۆژی نوێ

# ناوەڕۆک



| ز | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | پێشەکی چاپی دووەم | ٥ |
| ٢. | پێشەکی چاپی یەکەم | ١٠ |
| ٣. | بەشی یەکەم : پیر شالیاری زەردەشتی | ١٣ |
| ٤. | جەژنی پیر شالیار | ٢٢ |
| ٥. | نووسینی کۆنی ئەم ناوچەیە | ٢٤ |
| ٦. | لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئیبراهیم و زەردەشت | ٢٧ |
| ٧. | شوێن و دیمەن و ژیانی ئەم ناوچەیە | ٣١ |
| ٨. | بەشی دووەم : وێژە و ئەدەب | ٣٧ |
| ٩. | سەیدی هەورامی | ٤١ |
| ١٠. | بێسارانی | ٥٦ |
| ١١. | حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی | ٦٥ |
| ١٢. | مەلا خدری ڕواری | ٧٣ |
| ١٣. | میرزا شەفیعی پاوەیی | ٧٧ |
| ١٤. | عبدالله بەگی هەورامان | ٨١ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٥. | میرزا عبدالقادری تەوێڵەیی | ٨٨ |
| ١٦. | ئایەتوڵای مەردوخی | ٩١ |
| ١٧. | میرزا عبدالقادری پاوەیی | ٩٤ |
| ١٨. | دانای هەورامی | ١٠٠ |
| ١٩. | بەشی سێیەم : مەولانا خالد | ١٠٩ |
| ٢٠. | غولام شاخان | ١١٣ |
| ٢١. | ئەحمەد بەگی کۆماسی | ١١٥ |
| ٢٢. | خانای قوبادی | ١١٩ |
| ٢٣. | بەشی چوارەم: هەندێ لەپیاوە ئاینیەکان لە ناوچەی هەورامان | ١٢١ |
| ٢٤. | شێخ سراج الدین | ١٢٤ |
| ٢٥. | حاجی مەلا نەزیری گەورە | ١٢٦ |
| ٢٦. | بەشی پێنجەم: چەند نموونەیەك لە پەندی پێشینانی کورد | ١٢٩ |
| ٢٧. | ڕازێك بۆ منالْ | ١٣٨ |
| ٢٨. | گۆرانی | ١٣٨ |
| ٢٩. | پزیشکی | ١٣٩ |



## نووسەر (مامۆستا دانا) لە چەند دێڕێکدا

ناوی تەواوی ( محمد بهاءالدین کوڕی مەلا صاحب ) ە

لە ساڵی ١٩٢٤ لە شارۆچکەی تەوێڵە لەدایك بووە.

لە لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە وە زۆرێك لە کتێبەکانی خوێندنی

ئاینی لە تەوێڵە تەواو دەکات و پاشان دێتە سلێمانی بۆ خوێندن. لە ساڵی ١٩٥٧

لە مزگەوتی ئەوقافی سلێمانی مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت.

لە ساڵی ١٩٥٩ چۆتە خولی ئاینی مامۆستایان دووایی کراوە بە مامۆستا لە

قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە.

مامۆستا دانا ژیانی مامۆستای زۆری لە تەوێڵە بووە و جگە لە چەند ساڵێکی

کەم لە هەڵبجە و سلێمانی.



PUBLIC

ماموستا له ساڵی ١٩٧٧ ماڵی گواستۆتەوە بۆ سلێمانی بەڵام زۆری پێنەچوو

تووشی نەخۆشی ژێرپەنجە هات و له ڕۆژی ١٩٧٩/٧/١٣ کۆچی دوایی کرد، وه

تەرمی پیرۆزی برایەوه بۆ زێدی خۆی له تەوێڵە له گۆڕستانی (باوا

سەرهەنگ) به خاك سپێردرا.

ماموستا چەندین هۆنراوەی به شێوازی هەورامی و سۆرانی هەیه ، وه

دیوانێکی گەورەی هۆنراوەی ئامادەی چاپ بووه بەڵام بەداخەوه له نسکۆی

شۆڕشی ١٩٧٥ لەلایەن دائیرەی ئەمنی تەوێڵەوه دەستی بەسەرداگیراوه و

سوتێنراوه.



PUBLIC

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:

١-یوسف و زلێخا ١٩٥٥

٢- پیری شالیاری زەردەشت ١٩٦٨

٣-پێشەوا قازی محمد و کۆماری مەهاباد ١٩٧١


## له بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی نووسەر:

١-زاهیه خاتوون

٢-دیوانی شیعر



PUBLIC



له بڵاوكراوەكانی كتێبخانەی ژیان

سلێمانی - شەقامی پیرەمێرد

☎ ٣٢٠٧٨٢٠

٠٧٧٠١٩٠٣٢٤٠

نرخ ( 3000 ) دینار

PUBLIC